# بەیازی گوڵفرۆشێک

ئارام كاكەی فەلاح

# بەیازی گوڵفرۆشێک

## کۆمەڵە چیرۆک

**Stockholm 1998**

ISBN 91-973066-8-1
ناوی کتێب: بەیازی گوڵفرۆشێک
کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح
چاپ: لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی
سوید ١٩٩٨
تایپ و مۆنتاژ: عەبدوڵا قادر دانساز
چاپخانەی میدیا ـ ستۆکهۆلم

من بەپێچەوانەی هەموو ئەو برادەرانەی کە دژی باوکیان دەجەنگن، ئەم کۆمەڵە چیرۆکەم پێشکەش بێت بە باوکم.
کە تازە دەستم کردبوو بە نووسین پێی وتم:
- کوڕم! چی دەکەیت... بیکە، بەس مەنووسە، نووسین ڕۆح دەسووتێنێت.
من نەمتوانی بەقسەی بکەم، بەڵام قسەکەی ڕاست دەرچوو.

# دیوەخانی ئەستێرەکان

ئیمرۆ دەیبینم... هەر دەیبینم. هەستێکی سەیر بەو ژوانە دەکەم. دڵم خەبەری داوە و زۆرجاریش، کە دڵم خەبەر دەدات دێتە دی.

ئەو هەموو ڕۆژگارانە تێپەڕین. ئەو هەموو ئێوارانەم لەسەر یەکتر هەڵچنین. ئێستا گۆڕاوم... پیاسەی تەنیایی ئێوارەکان منیان گۆڕی... دانیشتنی تاک و تەنیای نێو ئامێزی ئەم باخچەیە منی گۆڕی... غوربەتی و بەدبەختی منیان گۆڕی. دەبێت (ئەو) ئەوە بزانێت. دەبێت بزانێت، کە من یەکێکی دیم. دڵڕەق نیم.

ئێستا گەر باڵندەیەک لە هەر نوختەیەکی ئەم ئاسمانە بەرینەدا بگری، منیش دەگریم. گەر هات و کۆرپەیەک لە هەچ قوژبنێکی ئەم دونیایەدا داچڵەکێت، منیش دادەچڵەکێم. گەر ئەستێرەیەک بجریوێنێت، گۆرانی دەڵێم و هەر لە خۆمەوە دەکەومە سەما.

بۆ نەزانێت؟! دەبێت پێی بڵێم. بڕوام پێ دەکات. بۆ نایکات؟! باسی تەنیایی خۆمی بۆ دەکەم. پێی دەڵێم دوای تۆ چ هەرێمێکی بێدەنگی منی قوت دا، چ ژانێک یەخەی گرتم و بڕستی لێ بڕیم، چ بەدبەختییەک بووە ئاشنام. هەمووی بۆ دەگێڕمەوە. باسی ئەم باخچەیەی بۆ دەکەم، چۆن لە ئامێزیدا هەموو ئێوارەیەک بە تەمای (ئەو)م. وەک پشکۆیەک دادەنیشم. گەر بێت، دەمبینێت چۆن داگیرساوم. گەڵایەکی سەوزم و لە هەرێمی پاییز هەڵهاتووم. دڵۆپێک بارانم و لە کیشوەری هەورە نەبارەکان داپچڕاوم. وەک خەونی منداڵ حەز ناکەم تەواو بم... چاوەڕێم. باسی هەموو شتێکی بۆ دەکەم. باسی گوڵە

ڕەنگاوڕەنگەکانی باخچەکە. بۆ هەمووویانم گێڕاوەتەوە... باسی تۆم بۆ کردوون... هەموویان تۆ دەناسن... وەک خۆیان دەتناسن. چیرۆکی عەشقی ئێمە دەزانن. پێی دەڵێم، لە چاوەڕوانی تۆدا چۆن هەموویان سیس بوون، ژاکان، چیمەنەکە زەرد هەڵگەڕا، بچووک و تەسک بووەوە. باسی ئەستێرەکانی بۆ دەکەم، چۆن تاک تاک سەرەتاتکێ دەکەن. تۆ نابینن... لە ئاسمانیش خۆ ون دەکەن. گەر پێم بڵێت: «وانییە، من هەموویانم دەبینی.» پێی دەڵێم: «لەوانەیە دەرکەوتبن، بەڵام من نەمدەدین.» بڕوام پێ دەکات. سەرسام دەبێت. دەزانێت تەونی چ عەشقێک دڵی تەنیوم... پێی خۆش دەبێت... زەردەخەنە دەیگرێت... ناز بەسەرمدا دەکات... منیش نازەکانی دەگرمە کۆڵ... ماندوو نابم... بەدەمییەوە پێدەکەنم... گەر ڕێگەم بدات ماچێکیشی دەکەم. بۆ نەیکەم! خۆشم دەوێت. دەبێت (ئەو) ئەوە بزانێت. دەبێت بزانێت، کە من گۆڕاوم... دڵڕەق نیم. خۆ جارانیش دڵم ڕەق نەبوو، نازانم بۆ هەموویان بە منیان دەگوت «دڵڕەق». خۆ ئەوسایش وەک ئێستا، بە شیعرێکی جوان دڵم دەکەوتە تەپەتەپ. هەست و نەستم دەکەوتنە سەما. موچرکێکی پڕ سۆز گیانمی داگیر دەکرد. دەمزانی ئەشق چییە، کەچی ئەو بڕوای پێ نەدەکردم. پێی دەگوتم «تۆ دڵت زۆر ڕەقە». هەر لەبەر ئەوەیش جێی هێشتم... ئالێرەدا بوو جێی هێشتم... لەم باخچەیەدا بوو... ئێوارە بوو... باران دەباری... خەریک بوو گیانم لەبەر بارانەکەدا بتوێتەوە... ئەو گوێی پێ نەدام... چەتری پێ بوو، منیش بێ چەتر... ئاوڕی لێ نەدامەوە و جێی هێشتم.

ئێمڕۆ دەیبینم... بێگومان دەیبینم... گوڵەکانیش پێیان زانیوە... گەشاونەتەوە... چیمەنەکە سەوز بووە، تەنیوەتەوە... تەلبەندەکانی بڕیوە... بستێک زەوی ئەودیوی تەلبەندەکانیشی سمیوە. ئەمڕۆ کە هاتمە ئێرە، سەیری تاقە ئەستێرەی ڕێکەوتووی ئاسمانم دەکرد. تەنیایی خۆمی وەبیر

دەهێنامەوە. کاتێک سەروسیمای خوێندمەوە، زانی (ئەو) دێت، ئەستێرەکانی تریشی بانگ کرد و تۆپ بوونەوە. ئاسمانیان ورووژاند. ئاسمان بووە دیوەخانی ئەستێرەکان. دێت و دەیبینێت... بڕوام پێ دەکات... بۆ کوێ دەچێت؟ منی خۆش دەوێت. لە چاوەکانیدا ئەو خۆشەویستییەم دەخوێندەوە، بەڵام جێی هێشتم بۆ ئەوی زیاتر بەخۆیەوە بمبەستێتەوە. بۆ ئەوەی سەیری هیچ کچێکی تر نەکەم. دڵم بە هیچ لایەکی تردا ڕانەکات. کێ دەڵێ هەر لەبەر ئەوە نەبووە؟ باشە گەر وابێت بۆچ نەمبینییەوە؟ بۆ بەلامدا نەهاتەوە؟ ئەم پرسیارەشی لێ دەکەم. هەر ئەم ئێوارەیە لێی دەکەم. دەبێت بە پرسیار وڕی بکەم. شتی وا دەدۆزمەوە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێت. زۆرجار بینیومە خۆی لێ گێل کردووم. دەبێت بە گلەیی بیشۆمەوە. دەبێت حەشرێکی پێ بکەم نەبێتەوە. نا واناکەم! دوایی دەڵێت نەگۆڕاوم و هەروەک جاران دڵم ڕەقە. بەهێمنی دەیدوێنم... پرسیارەکانم هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر. باسی سێ ساڵ جودایی بۆ دەکەم. باسی فرمێسک و شەونخوونی و لاوازی خۆمی بۆ دەکەم. باسی هەستە ناسکەکەی خۆمی بۆ دەکەم. پێی دەڵێم ئەو ئێوارەیەی جێت هێشتم، وەک شێتێکی ڕیوەڵە بە شەقامەکاندا دەخولامەوە، تا خۆم ون کرد، تا هەپروون بە هەپروون بووم. دەبێت وای لێ بکەم بەزەیی پێمدا بێتەوە. تەڵەی بۆ دەنێمەوە. ئاخر چۆن؟ خۆ بەزەیی خۆشەویستی نییە؟! تەڵەیش عەشق نییە؟! نا واناکەم! باسی تەنیایی خۆمی بۆ دەکەم، بەشکو دڵی نەرم بێت و بگری. منیش دوای ئەو دەگریم. ئەو پێ دەزانێت دڵم ڕەق نییە. وەک بەرد نییە. نا، بەم شێوەیەش نا. پێویستیم بە فێڵ و فەرەج نییە. من بەبێ ئەم تەڵەیەش دڵم ڕەق نییە.

ئاخ! خۆیشم نازانم ئەم دڵڕەقییەم لە کوێوە هاتووە؟ چۆن بەسەرمدا دابڕا؟ بە خوت و خۆڕایی ئەم تاوانەم پێوە لکا؟ ئەم وەسفە، ئەم بڕیارە دڵڕەقە لە

ژنێکی دراوسێمانەوە دەستی پێکرد. تەشەنەی کرد و خەڵکی کۆڵانەکەیش هەر وایان پێ دەگوتم. خزم و ناسیاویش هەر وایان دەگوت.

منداڵ بووم. ئێوارە بوو، لە کۆڵان لەگەڵ منداڵێکدا بەشەڕ هاتم. ئەو شەڕی پێ فرۆشتم، پەلاماری دام و لەناو تۆز و خۆڵ و بەردا گەوزاندمی. زۆر تووڕە بووم. ئەو پشتی تێ کردم و ڕۆیشت. منیش بە پەلە هەستامەوە و بەردێکی گەورەم بەسەریدا دا. سەریم شکاند... خوێن فیچقەی کرد... نەڕاندی و هاواری کرد... ترسام... رامکردە ماڵەوە... لە کولانەی مریشکەکاندا خۆم شاردەوە. مریشکەکان کەوتنە گارەگار. بە سەرسامییەوە سەیریان دەکردم... لێم مۆڕ دەبوونەوە... وەک پێم بڵێن «ئەوە چی دەکەیت لێرە؟» دوایی پێم ئاشنابوون و بێدەنگ بوون.

دایکی منداڵەکە شەو هاتە ماڵمان، کۆڵێ گلەیی لە دایکم کرد، دایکم قبوڵی کرد، بانگی کردم، بەڵام من لە کولانەکە نەهاتمە دەرەوە. خۆم مات کردبوو. هەناسەم لە خۆم بڕیبوو، دەترسام. هەموو ماڵەکە بەشوێنمدا گەڕا. ماندوو بوو، بەڵام بڕیاری دابوو هەر بمدۆزێتەوە. هەر کولانەکە مابوو، بۆ ئەوێش هات. دەرگاکەی کردەوە. ئارەقی شەرمەزاریم کردەوە. گوتی:

- وەرە دەرەوە. دەڵێی کەڵەشێری. بچۆ ئاشتی بکەرەوە!

نەهاتمە دەرەوە. ترسام بچم بۆ لای و ئەویش بەردەکە بەسەرمدا بکێشێتەوە. چۆن هەڵەی وا دەکەم؟! ئەو لە من گەورەتر بوو. دایکی کوڕەکەیش هاتە لامانەوە، بە غەمبارییەکەوە گوتی:

- کوڕم! وەرە ئاشتی بکەرەوە. خۆ ئێوە هاوڕێی یەکترن!

- نایەم و ئەویش هاوڕێی من نییە.

ژنەکە بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی دایکمی کرد و گوتی:

- ئەم کوڕەتان چەند دڵڕەقە!

ئیتر هەر ئەوە بوو. دایکیشم سەرێکی بۆ لەقاند و دووبارەی کردەوە.

ـ دڵڕەق.

لە کـولانەکـە هاتمە دەرەوە. بۆنی ڕیقنە و مـریشکم لێ دەهات. چوومـە ژوورەوە و دەستم کرد بە گریان. گریانێکی خەست.

هەمووی بۆ دەگێڕمەوە. هیچی لێ ناشارمەوە. باسی ئەو نیوەڕۆیەشی بۆ دەکەم، کە تازە لە قوتابخانە هاتبوومەوە. لە وانەی مێژوودا لێدانم خواردبوو. لێدانەکەیش لەسەر (سەلاحەدینی ئەیوبی) بوو. دوو ڕۆژی تەواو بوو مامۆستا هەر باسی دەکرد. من حەزم لە وانەی مێژوو نەدەکرد. مامۆستا پرسیاری ئەوەی کرد، کە ئایا سەلاحەدین کوردە یان عەرەبە؟ هەموومانی هەستاند. سەرە گەیشتە سەرم. من خەیاڵم ڕۆشتبوو. ئێ ئەوە کەی گرفتی منە؟! نازانم بۆ هەر لە خۆمەوە گوتم «ئیسپانییە!» هەموو قوتابییەکان پێکەنین... بە قاقا پێکەنین... مـامـۆسـتـا وای زانی گـاڵتـەی پێ دەکـەم. نەیکردە نامـەردی و دارکارییەکی باشی کردم. دوایی قەڵەمی خستە نێو پەنجەکانمەوە... توند دەستمی گوشی... پەنجەکانم وەخت بوو لەکار بکەون. هاوارێکی شێتانەم کرد. شەقێکی مزری تێ هەڵدام و کردمیە دەرەوە. کە گەڕامەوە ماڵەوە، دەستم ئاوسا بوو، پەنجەکانم زل زل لە کۆڵەوژ دەچوون. دەستم خستە گیرفانمەوە. پێشانی دایکمم نەدا. خوشکە بچکۆلەکەم لە سەربان بوو. ئێمەش لە حەوشە. دایکم برنجی بژار دەکرد. پێی گوتم:

ـ ئا کوڕم! بچۆ ئەو خوشکەت بێنە خوارەوە.

نەچووم. بۆ نەگبەتی من، خوشکەکەم کەوتە خوارەوە. دەست و قاچێکی شکا. دایکم هاواری کرد و گریا. بردیان بۆ خەستەخانە. بۆ شەوێ هێنایانەوە. منیش بووبووم بە بەرد. نەمدەزانی چی بکەم؟ دایکم هەر دەگریا. سەیرێکی کردم و گوتی: «دڵڕەق.»

هەمـــووی بـۆ دەگـــێـــڕمـــەوە. ئـەویش بـڕوام پـێ دەکـــات. ئەو ئـاگـــای لەم حـیکایەتانەی ژیانم نـیـیـە... هـیـچم بـۆ نەگـێـڕاوەتەوە... خـەتـای خـۆمـی تـێـدایە... هەزار جـار زیاتر یەکتریمان بینیوە، ڕازی دڵم لا نەدرکاندووە. سەدەها نـامـەم بۆ نووسـیـوە، باسـی مـنداڵیم نەکردووە. ئەم مـەینەتییـەم بۆ نەگێڕاوەتەوە. ئەم کارەساتە نازانێت. کاتێک پەیوەندی خۆشەویستیمانم بۆ دایکم گێڕایەوە، پێی گوتم:

- خۆشەویستی چی؟! تۆ چوزانی. دڵت زۆر ڕەقە. قوڕ بەسەر ئەو کچە.

بەڵام ئەمـڕۆ بۆی دەگێڕمەوە. بـاسـی ئەوەشـی بۆ دەکـەم، چۆن کـە هـەمـیـشـە لەگەڵیدا بووم. ئەم ڕسـتـەیەی دایکمم بیـر دەکـەوێـتـەوە. مێشکم بەدەسـتـییـەوە دەخـولایەوە. تـۆیش وات دەزانی گـوێ نادەمــە قــســەکــانت... وات دەزانـی بـێ هەستم.

وەختـێـتی هەمـووی بۆ باس بکەم. وەک بـەفـر کلو کلـو منداڵیمی بـەسـەردا دەبارێنم. وەک گەردەلوول بۆی دەگێڕمەوە. وەک ڕەشەبا بە ڕوویدا هەڵدەکەم. نـا واناکـەم... دەبمە شـنـەی بـا و وەک مـۆسـیـقـا بۆی دەگێڕمـەوە. بـا ڕەخنەم لـێ نەگرێت. ئاخر چۆن وا بکەم؟ ئەو منداڵییـە تفتـەم چۆن دەبێتـە مۆسـیقـا؟ بەڵام دەبێت هەوڵ بدەم. هـەرچـی هـەیە و نـیـیــە بـۆی باس دەکــەم. ئەویش بـڕوام پـێ دەکات. بە چاوەکانیدا دەزانم بڕوا دەکات، یان نا. گەر دڵنیا بووم بڕوا دەکات، شتی تری بۆ دەگێڕمەوە. باسـی ئـازایەتی خۆمی بۆ دەکەم. باسـی ئەوەی چۆن لە کـاتی ڕاپەڕینەکـەدا، لە کـاتی ئازادکـردنی شـارەکاندا، لە پـێـشـی پـێـشـەوە بووم. تەنـهـا ئـەو کـاتـە دڵڕەق بووم. خـۆیشـی ئەوە دەزانـێت... ئاگـای لە هـەمـوو شـتـێکە... بۆ دڵڕەقی ئـەو کاتەم لێم دەبوورێت. باسـی تاڵانکردنەکەی بۆ دەکـەم. من هـیـچ شـتـێکم لە دایرە و کـارگـەکـانـدا نەدزیوە. دەسـتـم بۆ هـیـچ نەبردووە. تەنـانەت لە پاراســتـنی مـۆزەخــانەکــەشــدا بەشــداریم کــردووە. هەمــووی بۆ

دەگێڕمەوە... پێی خۆش دەبێت... بە چاوێکی تر سەیرم دەکات. وەک جاری جاران پیاسەم لەگەڵدا دەکات. قەرەباڵەخم دەکات. چەند خۆشە... باخچەکە پڕە لە خەڵک، پڕە لە جووتە دڵدار، گوڵ و سەوزایی، هێمنی و ماتی. پێی دەڵێم «گوێ شل بکە! ورتەی شنەی با شیعرێکە و دەگات لات.» پێدەکەنێت. پێی دەڵێم «سەر هەڵبڕە و سەیرێک بکە! زۆر پرسیاری دەروون وان لەسەر باڵی نەخشاوەی پەپوولەی خەم، هەڵدەفڕن و جاربەجاریش وەکو برژانگێکی تەڕ و بزێو سەر بە کون و قوژبنی سەوزاییدا دەکەن. لێ ناگەڕێت، ئەم مێشکە پەستە لێ ناگەڕێت... ئەم ناخە پڕ تاشەبەردە واز ناهێنێت.» نا وا ناڵێم! باسی تاشەبەرد ناکەم، نەوەکو ئەویش دڵمی بیر بکەوێتەوە. باسی گوڵەکانی بۆ دەکەم، پێی دەڵێم «سەیری گوڵەکان بکە! گوێ قوت گوێ قوت، گوێ سەوز، گوێ سوور، بۆ حیکایەتی عەشقی ئێمە گوێ ڕادەدێرن. تۆ سەیریان بکە! لاسکی ملیان تا دێ درێژتر دەبێت.» پێی خۆش دەبێت. سەرسام دەبێت. بەم قسانە تا ماڵی خۆیان دەیگەێنم. لە سەری کۆڵانەکە پێی دەڵێم «بەیانی یەکتری دەبینین.» ئەو دەڵێت «لە کوێ؟ هەر لە باخچەکە؟» «بەڵێ هەر لەوێ. لەوێ یەکتریمان ناسی. لەوێ جێت هێشتم. هەر لەوێش ئاشت بووینەوە.» پێدەکەنێت، بە پێکەنینەکەیدا دیارە رازی بووە و بەیانیش دێت. بێگومان دێت.

هەمووی بۆ دەگێڕمەوە. بەس بێت، باسی هەموو شتێکی بۆ دەکەم. دە وەرە! هەچ کچێکی تەنیا بێتە باخچەکەوە، سەرنجی پڕ وەنەوزی من رادەچڵەکێت، وا دەزانم تۆیت. دە وەرە! وەک کانییەک لەبەردەممدا ئێستێک بکە، تینوومە. بۆ نایەت؟ بۆ نەهات؟ وا ئێوارەش تێپەڕی و نەهات. باخچەکە وا خەریکە چۆڵ دەبێت... جووتە دڵدارەکان وا خەریکن کزکز بەرەو ماڵەوە دەچنەوە... وا ئەستێرەکانی ئاسمانیش خۆیان شاردەوە. ئەمرۆیش بە تەنیا مامەوە. بۆ نەهات؟! باخچەکە بۆنی ڕەنگ و دەنگی (ئەو)ی لێ دێت... بۆنی

یەکەم دیدار و یەکەم ناز و یەکەم لەنجە... بۆنی ڕۆژانی تەنیایی و داچڵەکینی باران و جودایی و کسپەی ئێوارە سەرەڕۆییەکان. ئەمە ئەو باخچەیەیە و بۆنی (ئەو)ی گرتووە... بۆنی دارمانی خەون و قرچەقرچی دڵی هەتاو و وڕێنەی خەیاڵ و زیزبوونی ئێوارە و وێڵبوونی شەوی گرتووە. هەموو شتێک لەم باخچەیەدا یەکالا دەبێتەوە، هەر لێرەدایە، کە هەموو شتێک بووەتە ئەفسانە و پەلکەزێڕینەی خەیاڵیش دووی کەوتووە.

چیمەنەکەیش وا خەریکە وەنەوز دەدات... درەختەکان خەیاڵ بردونییەوە... بۆ نەهات؟ بەڵام هەر دێت، بۆ کوێ دەچێت؟ هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە... ئەویش بڕوام پێ دەکات... بێگومان بڕوام پێ دەکات.

ئابی ١٩٩٢

* لە گۆڤاری «وان»دا بڵاوکراوەتەوە... ژمارە «٥» ساڵی «١٩٩٣»لاپەڕە «٩٣ - ٩٧».

# سەمای دارستان

هەر لە خـۆیەوە دەمـنووسـێت و هیـچی تر. گـوێم لـێ ناگـرێت و پشت گـوێ ی خسـتووم. چۆن وا دەبێت؟! مـنی کردووە بە پـاڵەوانی چیرۆکەکەیی و گوێم لێ ناگـرێت. من دەنووسـێت، کـەچـی هـەر منیش بە دوایدا ڕادەکـەم. نووسـەرێکی چـەند سـەیرە! چـەند تووڕەیـە! چـەند دوودڵە! ژیانم پـێ دەبـەخـشـێت و سەربەستیشم ناکات. نایەڵێت بـە دڵی خۆم هەڵسووکەوت بکەم... هەناسـەکانم بەند دەکـات... تـەنگەنەفـەسم دەکـات... دەست دەخـاتە بینی هـەست و نەسـتم. هەناسـە و عـەشق و لاسـاریی و کڵۆڵیم لەژێر فەرمـانی ئەودان. جار بەجارێک لێم مـۆڕ دەبێتەوە... وەک تـاوانم کردبێت دووکەڵی جگەرەکەی دەکات بە سـەر و دەم و چاومـدا . ڕووبارێکم و شـەپۆلی مـاسـییـەکـانم کپ دەکـات... گـەردەلوولم و فڕینم بەرەو قـەفـەزی پێنووسـی ئەوە... تەپ و تۆزێکی غـەمگینم و بەر سـیـمـای ئەو ناکەوم، بۆ واز ناهێنێت.

ئاخ! مـامەڵەی چەند ناخۆشـە... چەند بە ئازارە... تـۆ بڵێ ی من تووشـی ئەم مەینەتییەم کردبێت؟!

ئێ خـۆ خەتای منی تێدانییە، ئەم منـەتە چییـە دەیکات بەسـەرمدا . با فـڕێم بدات و هـەرگیزاو هـەرگیز نەیەتەوە بەلامدا .

مـانگێک زیاتر بوو منی فـڕێ دابـووە لای هەندێک کـاغـەزی ڕەش کـراوە و ڕەش نەکـراوەی ترەوە... ئەوە ئێـمـرۆ دەریهـێنام... دوا کـاغـزی نووسـراوم و لە ئامێز گیراوم.

ئای لەو هـەمـوو خـۆشـییـە! ئۆی لەو ڕەنگە کـاڵ و تۆخـە جـۆربـەجـۆرانە! کە

پێیان دەگەم و دەیانبینم: هەست بە خۆشی و ژان و ختووکە و داچڵەکینێکی سەیردەکەم. فڕێم دەداتە ناو بورکانی خەیاڵێکی ئەفسووناوییەوە... درۆ و ڕاستییەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن کت و مت وەکو ژیان.

تەمەنم مانگێکە و تۆزێکیش زیاتر. «من» بە گەورەیی لەدایک بووم. بە تۆپەڵێک عەشق و ژان تەنیایی و دوودڵییەوە. منداڵیی خۆم بیرناکەوێتەوە، یان هەر نەمبووە... نازانم! من کە چاوەکانم کردەوە: چاوەکان چاوەکانی خۆم نەبوون... ڕەنگەکانیش لە خەیاڵی مندا جۆرێکی تر بوون. ڕەش: سپی بوو... سپی: سوور بوو... سوور: قاوەیی. دەمویست خۆم ببینم و بە سەروسیمای خۆم ئاشنابم نەمدەتوانی. قەلەڕەشکەیەکی چاوتەڕیش هەمیشە بەسەر سەرمەوە دەیخوێند و ئاوێنەیەکی شکاوی هەڵگرتبوو.

خەتا خەتای من نەبوو... هەڵە و گوناهی ئەو بوو... نووسەرەکە. ئەو نووسیبووی: «حەمە کوڕێکی گەنجی ڕەشتاڵەی ماندووە... یەکەم کەسە بێتە دارستانەوە». دارستانیش دارستان نەبوو، کیشوەرێک ترس و بێدەنگیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ناڵە ناڵی گەڵایەکی زەردی باریوو نەدەهات... زەردەخەنەی نەمامێک نەبوو... پیرەدارێک نەبوو قاقایەک بزانێت... گۆرانی باڵندەیەکیش نەدەگەیشتە گوێ... ئاوازی شیرینی سروشتیش کپ بوو... چەند پەڵە گیایەکی زەرد هەڵگەڕاویش خوێنێکی زەرد لە دەم و لووتیان دەهات لە دوور و نزیکەوە حەپەسابوون... چاوەڕێ ی لێو تەڕکردن بوون.

منیش تەنیا بووم. پێم گوترابوو: ئەمە تۆیت و ئەوەش دارستانە. کوڕێکی قژلوولی ڕەشتاڵەی ماندوو لە نێوان دارەکاندا... لە ناخی بێدەنگیدا... لە ئاستی سەمایەک لە لێواری شێتیدا. هیچم نەدەزانی. دەبوایە پەی بە شتەکانی دەور و پشتم بەرم. گوێم لە نووسەرەکە بگرتایە خۆم وون دەکرد... ئەویش گوێ ی لە من نەگرت بۆیە خۆی ون کرد.

ئەو نووسیبووی: «حەمە عاشقە. عاشقی کیژێکە نەیبینیووە». من نازانم ڕاست دەکات یان نا؟! بەڵام من نەمدەزانی عەشق چییە تا یەکەم گەڵای زەردم بینی باری.

ئەو نووسیبووی: «چاوەکانی حەمە دووکەڵاوین... جار بەجارێک لە دوو هەڵماتی قاوەیی دەچن کە بە دەست منداڵە بزێوەکانەوە هەڵەوگەردەکی ئەمسەر و ئەوسەر دەکەن». من لەمە ناگەم... من نازانم هەڵمات چییە، چونکە منداڵیی خۆمم بیرناکەوێتەوە. لە فەرهەنگی دارستانیشدا هەڵمات نییە.

ئەو نووسیبووی: «حەمە بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵە». ئای چەندم پێ خۆش بوو کە دوایی خەتێکی گەورەی بەسەر ئەم ڕستەیەدا هێناوە و کوژاندوویەتەوە و لە جیاتی ئەوە بە خەتێکی شێواو خۆشبەختانە نووسیوویەتی: «حەمە سەیرە!!». بەڵێ سەیرم. یەکەم کەسی دارستان هەر دەبێت مرۆڤێکی سەیر بێت. بەدوای ڕاستیشدا نەگەڕام. چونکە لە دارستاندا بۆ ڕاستی ناگەڕێن. خۆیشم نەمدەزانی بەدوای چییدا وێڵم.

ئەوسا کە لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانی تردا بەندکرابووم. ئەوسا کە تەنها لاپەڕەیەک بووم لەگەڵ هەندێک کاغەزی ڕەش کراوە و ڕەش نەکراوەی ترەوە. دەمزانی بەدوای چییدا سەرگەردانم. کاتی بەندییمان جار بەجارێک دەهاتە لامانەوە... چەشنی باوکێکی دڵسۆز ئێمەش جگەرگۆشە سەیری دەکردین. لەپڕ یەکێکمانی لە ئامێز دەگرت... تێی دەڕوانین... دێڕەکان و بەینی دێڕەکانیشی دەخوێندەوە. بیری دەکردەوە و بە غەمبارییەوە دایدەنایەوە و جێ ی دەهێشتین. کە دەڕۆیشت، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی لا جێ دەهێشتین. ئێمەیش بە بەندکراوی دەماینەوە و فرمێسکەکانیمان هەڵدەقوڕاند. من ئەوسا تەنها بە دوای «ئازادیی»دا دەگەڕام. نەک من، بەڵکو هەمووومان. زیاتر ئەوانیش وایان لێ کردم بەدوای ئەم شتەدا تامەزرۆبم، چونکە ئەوان تەمەنیان

لە من زیاتر بوو. من تەنها کورتە چیرۆکێک بووم، تووڕەبوونەکەیان زۆرشتی فێرکردم. پاڵەوانی ڕۆمانێک دەیگوت:

ـ بڕوا بکەن خۆکوشتن، خۆ لوول کردن گەلێک باشترە. ئەمە سێ ساڵی تەواوە و تۆزێکم لێ نووسراوە.

پاڵەوانی چیرۆکێکی درێژ دەیگوت:

ـ هەر ناویشی بۆ نەدۆزیومەتەوە.

کچە پاڵەوانێکیش تکای دەکرد و دەیگوت:

ـ کوڕینە! هەندێک ڕستەی لە من لابردووە کە لەبەر دڵان گەلێک شیرینە، تکایە دای بە هەر کامێکتان بمدەنەوە.

منیش کە تەمەنم مانگێک بوو، لە هەمووان منداڵتر بووم... ئەوەندەم خەفەت نەدەخوارد بەڵام دوایی کە ئەوان ئازادکران و دوورخرانەوە، کەسیان بەلامدا نەهاتنەوە... لێیان نەپرسیمەوە. هەستم بە تەنیایی کرد... لە تاقانەیی خۆم وەڕس بووم.

ئەو نووسیبووی: «حەمە هەر دەست دەکات بە گیرفانەکانیدا... دەڵێ ی شتێکی گەورەی لێ ون بووە».

من گیرفانم نەبوو تا دەستی پێدا بکەم... بەڵام ئەو شتەی کە لێم ون بوو بوو خۆم بووم... خۆم بووم و کەسی تر، هیچی تر نا.

لەو ژیانە جەنجاڵەدا خۆم لەبیر کرد، بەڵام دەبوایە وا نەبێت، چونکە من پاڵەوانی چیرۆکێک بووم، دەبووایە هەموو شتەکانی ئەم گەردوونە بەدەوری مندا بخولێنەوە... بۆ من دروست بن و هەر منیش بیانجوڵێنم. بەڵام ئەفسووس بۆم نەلوا. هەموو شتەکان بەسەریەکدا کەڵەکە بووبوون.

ڕەشەبام ناسی، کاتێک: گەڵا و درەختە ڕووتەکان دەلەرزین. بە وەرزەکان ئاشنا بووم، کاتێک: ڕەنگەکان لە نێوان مەرگ و ژیاندا دەخوولانەوە. فێری

درۆ بووم، کـاتێک: بەردەکـانم بینی لەگـەڵ یەکـتـردا باسـی دروست کـردنی دیواریان دەکرد و دوایش هەڵدەستـان و خۆیان دەگرتە باڵندەکان یان سـەری یەکتریان دەشکاند و خـوێنێکی زەرد بە سیمـایانەوە دیاربوو. مـێژووم ناسـی، کـاتێک: هەمـوو ڕۆژێک لە ڕۆژێکی تر گـەلێک جـیـاوازتر بوو. کـوشـتـنم بەم چاوانـەی خـۆم بینـی، کـاتێک: کـۆرپە گـەلایەکی چاوســەوزم بینـی درک لە بینەقـاقـای گـیربووە و دەسـتـێک نەبوو فریای بکەوێت. دەبوایە من هەمـوو ئەم شـتـانە بکەم. هەمـوشـمـان... هەر هەمـووشـمـان چاوەڕێ ی بارانێک بووین ببارێت.

نەبوو... نەخـێـر نەبوو. ئـیـدی ڕەنگەکـان بەجـۆرێکی تر نـەخـشـێندران. زریکەکـان لـەرەیەکی بەرزتریان پێ بەخـشـران. وەرزەکـانیش بە ئاوازێکی تر دوان. ئەوە سـمـۆرە بوو لە کـونی دارە پیرەکـانەوە هاتە دەرێ یان پاشـەڕۆکی مێژوو؟ ئەوە تەرزە بوو باری یان ڕشانەوەی خـواکان؟ دووکەڵێکی هەڵکشاویش بالای دەگـەیشـتـە سـەقـفی ئاسـمـان... قـەلەڕەشکەکـەیش هەر دەیخـوێند و هەردەیخوێند وازی نەدەهێنا.

ئەو نـووســیـبـووی: «ترسـێک هـەمـوو ڕۆحی حـەمـەی داپۆشـیـووە... جـاربـەجـارێکیش خـەیاڵ دەیبـاتەوە... چەند سـەیرە! هـەر زۆر بیـر لـە خۆشەویستەکەی دەکاتەوە کە نەیبینیووە».

مایس ١٩٩٣

ئاوێنه دڕندەییەكان

ئەوە چییە؟! چ شێوەیەکی غەریب و شەڕەنگیز و ترسناک لە پشت ئەو پەردە ڕەشەوە خۆی حەشارداوە؟! چ بەدبەختییەکە و مۆڵ بووە؟! چ بروسکەیەکی عەیارە و تەنگی بە ڕۆحی هەورەکانی ژوورەکەم هەڵچنیووە؟! دەبێت کێ بێت؟

تارماییەکە و سەرنجە وێڵەکانی شەتەکیان داوم... نهێنییەکە و قوتبووەتەوە... لێزمە بارانێکی ناوەختە و خۆی بۆ زەوی قڵیش بردووی جەستەی من هەڵگرتووە.

هەتا شەپۆلی فێ لێهاتووی ئەو سەرنجە پڕ سیحر و تەلیسماوییانە لەوبەرەوە بەرەو ئەم ژوورەی من... سووچ و قوژبنی دڵی من... زەوی نەیاری ڕۆحی گلاراوم هێرش ببەن، من ئاسوودە نابم. کردوومی بە دووکەڵێکی پەنگخواردوو، خۆم نەبینم.

من ئابڵوقەدراوی ڕق و قینی ڕابرووی ڕۆحێکی شەکەتم، هەفتەیەک دەبێت هاتوومەتە ئەم ماڵەوە... ئەم ژوورە بێفەڕەوە. من لە دەردەسەری و بێتوانایی و پاکی خۆمدا بوو هەڵهاتم... هەڵهاتم و لەم گەڕەکەدا گیرسامەوە. من چوزانم لێرەش وازم لێ ناهێنن. تۆ سەیربکە! چۆن ناوێرێت بەهیچ شێوەیەک خۆیم پێ نیشان بدات. لە چی دەترسێت؟ بێگومان پاڵپشتی زۆرە. بۆ بەکاوەخۆ دەمکوژێت؟ بۆ پەلەناکات بۆ؟ چەند مرۆڤێکی بێ زەوقیشە! ئەم پەردە ڕەشە چییە هەڵیواسیووە؟ دیارە زۆر بێ بەزەییە. ئەمە یەک هەفتەی تەواوە لەم بەرەوە سەیری ئەو بەرەوە دەکەم و ئەو پەردە نەعلەتییە لەرەیەک... تەنها لەرەیەک چییە نایکات. جاربەجارێک نەبێت، ئەو ساتەی کە مۆتە بزێوەکەی

هـەناســــــەی سنگـی ئـەو... وورده زیخـی دەرپـەڕیووی ڕق و قــــــینـی ئـەو دەیلـەرێنـێــتــەوە. من لـەو بڕوایەدام، ئـەگــەر ئەو، یـەک دوو ڕۆژی تر بـەردەمی پەنجەرەکەی بەرنەدا، ئەو پەردەیە بە هەناسەی گەرمی گڕدەگرێت، گڕدەگرێت و سـیـمـایەکی قـیـراویی و دوو سـۆمـای خـەڵوزین دەردەکـەون و منیش ڕزگـارم دەبێت.

ئەمـە یەک هـەفـتـەی تەواوە ئەم مـرۆڤە هـاتووەتە گـەڕەکەکەمـانەوە. بەرامبـەر ماڵی ئێمە... ژوورەکەی ڕاست بەرامبـەر ژووره تەنیاکەی منە. تۆ بڵێی ئەمجارە عـەشـقـی ئەم کـوڕە، سـیـمـای من... دڵی من... جـەسـتـەم... خـولیـا و خـەونەکانم بگرێتەوە؟

من کـچێکی ناشـرینم... زۆر ناشـرینم. من هـەمـیـشـە لەبەر ناشـرینیم تەریق دەبمەوە و ئارەقـە دەکـەم. یەکەمـجـار دایکم ئەم وشـە ناشـرینە... ئەم ڕاسـتـییـە تاڵەی پێ وتم. دوایی برا گـەورەکـەم وەک تووتی هـەر دەیووتەوە. ئیـدی هـەر بە ناشـرین بانگیـان دەکردم. بۆ نـەگبەتی و بەدبەخـتـیـشم ناوم (جـوانە)یە. ئیـتـر شـتـەکان... ئاراسـتـە بـەدەکان هێندە پێـچـەوانـەی یەکـتـربوون، تا وام لێـهـات خۆیشم بڕوام بەوە هێنا کە من زۆر ناشرینم.

بەڵام نەخـێـر، هـەتا ئەو پەردەیە گڕدەگرێت، من دیق دەکەم. حـەزدەکـەم ئەو پەردە ڕەشـە هـەر نەجـوڵێتەوە، چونکە کاتێک لەرە دەکات، من لە شـوێنی خـۆم سـام دەمگرێت. ڕووبارێک لە تارمایی دەبینم شـەپۆل شـەپۆل فـێ دەیگرێت. ئەو کات هـەست بە سـەرنجە تووڕەکـانی زیاتر دەکەم... بە ڕق و بوغز و جنێوی... دڵ پەشـێوی. نەگـبـەتـە ئیـشـێکی سـەیریان پێ ڕاسـپـاردووە... لەوانەیـە پارەیەکی چاکیشی وەرگرتبێت بۆ ئەم مەبەستە! کێ چوزانێت؟!

باش بـوو ئەم پـەردە ڕەشــەم هـەڵواسـی... دەنا ئەو لـەوبەرەوە ئەم ســیــمــا ناشــرینـەی منی دەدی و هـەر زوو پەشـیـمــان دەبووەوە. ئاخـر خــەتای مـنی

تیانییە. گرنگترین شت لە ژیانی ئێمەدا پەردەیە. کەسێک نابینێت پەردەیەکی لە خۆیەوە نەئاڵاندبێت... دەمامکێکی نەپۆشیبێت. کەس ناوێرێت دڵی وەک لەپی دەست پێشانی ئەوی تر بدات. کەس سەر نەک لەویتر، لە خۆی دەرناکات. ئێمە لە پشت پەردەکانەوە دەژین... هەناسە دەدەین... دڵداری دەکەین... گەورە دەبین... دەگرین و ڕۆحمان تیماردەکەین... حەز و ئارەزووەکانمان بەخێودەکەین. کە خەون دەبینین، لەپشت پەردەکانەوە خەونەکانمان بۆ پەردەکانی تر... دەمامکەکانی تر... نەوەکانی تر دەگێڕینەوە. خەونەکانمان پەردە بە پەردە دەڕۆن... قورس و شەکەت و ماندوو بەلادا دێن. لەپشت پەردەکانەوە تەڵە بۆ یەکتر دەنێینەوە و خەنی دەبین. ئیدی منیش تەڵەی خۆم ناوەتەوە. وای لێدەکەم سات لەدوای سات... ڕۆژ لەدوای ڕۆژ منی زیاتر خۆشبووێت... زیاتر بیرم لێبکاتەوە... سەرقاڵ بێت پێمەوە... غەمگین و دوودڵ و ڕاڕابێت... پێوەم ببەسترێتەوە... تا وای لێدێت، گەر سیماشم ببینێت دەستبەردارم نەبێت و نەمناسێتەوە. من ئەزموونم زۆرە. زۆربوون ئەوانەی باسی عەشق و جوانییان دەکرد. دەیانووت: «جوانی شێوە نییە، کردەوەی جوانە.» خۆ من کردەوەکانیشم زۆر جوان بوون... کچێکی شەرمن بووم. وام دەزانی شەرمکردن جوانییە. وام نەدەزانی، بەڵکو وایان فێرکردم.

ئاخ! چۆن هەر لە منداڵیمەوە ئەو شەرمەیان بەسەرمدا سەپاند... ئەو شەرمەی بە شرینقە چووە خوێنمەوە و ڕۆحمی ژەهراوی کرد. لەو هەناسانەی کە بۆم دانرابوون، نەمدەتوانی زیاتر هەڵمژم... لەو ڕەنگانەی پێم ئاشناکران، بۆم نەبوو زیاتر ببینم. بیرمە بە هەزارەها جار دایکم دەیووت: «کچێ! تۆ زۆر ناشرینیت، هەتا دەتوانی شەرم بکە، جوان دەبیت.» ئیدی منیش شەرمی خۆم دەکرد، شەرم لە هەموو بوونەوەرێک... لە هەموو بێ گیانێک. شەرم لە هەموو پەیوەندییەک و بوون و ئاوێنە و تێکەڵاوبوون و ئارەزوویەک. تەنانەت شەرمیش

له هـەمـــوو منداڵێک. وەک باڵندەیەک لە هـەورەکـــان دەترســـام و لـە پەردە و دەمامکە ڕەشـەکانی ئاسمان سڵم دەکردەوە. کە جاربەجارێک، بەدزەنیگایەک سەیرێکی هەژارانەی خۆم دەکرد لە ئاوێنەدا چۆن شـەرمێک دەکەم، ناشـرینتر دەردەکـەوتم و پێکەنـینم بەخـۆم دەهات و دوایش دەمـدایە پرمـەی گـریان... گـریانێک کـە چاوانم وشک دەبوونـەوە، ڕۆحم خـۆی تێـهـەڵدەسـوو. کـە ڕۆحم ژێردەبووەوە، تـەمـەنم تێـهـەڵدەچوو. کـە تەمـەنیـشم شـەکەت دەبوو، ئـاسـمـان دەستیپێدەکرد. کە ئاسمانیش دەوەستا، گەردوون تلێکی بەخۆی دەدا.

بەڵێ هەر واشـــە. هەر ئێـســتـــا پەردە ڕەشـــەکـە لادەدات و خـــۆیم پێ نیشاندەدات... دەمـترسێنێت. تەواو، ئیـتر مەتەڵەکە شـیکارکرا. نا، واناکـات... دەم و چاوی خـــۆی بە جـامـــانەیەکـەوە دەئاڵێنێت و هەر ئەوەت زانـی گـورج دەمـانچـەکەی دەردەهێنێت و ڕاست پێوەم دەنێت. لەوانەیە دەسـتـیشـی ڕاست بێت. چۆلـەکە و ڕیشـۆڵەی زۆری خـسـتـبێتـە خـوارەوە... قـەتێ و کـەوی چاکی ڕووتکردبێـتــەوە... ڕەنگە ڕاوە بەرازیشـی کـردبێت، کێ چوزانێت؟! بـەڵام من ئاگـام لەخـۆمـە. ڕەنگە بـە یەکـەم پـاروو منی پێ قـووت نەچێت... یەکـەم پێک نەمـخواتەوە... یـەکەم گولله نەمـپێکێت. دوای ئەوە خۆم پەنادەدەم... پەنجەرەکە دەشکێت. ئەو فـریای تەقـەی دووەم ناکـەوێت، دونیا هەراسـان دەبێت... خـەڵک پێدەزانن. ئەو دەشڵـەژێت و سـوور هەڵدەگەڕێت... تووڕە دەبێت و ڕادەکا. هـەر بەڕێگاوە جنێو بۆ شـوێنی سـەیرسـەیر ڕەوانەدەکات و چەند سوێنێک دەخـوات و هەڵدێت. باشتر وایە هـەر لەئێستەوە تووڕەی نەکەم. بۆ من بەپێوە لەبەردەمی ئەم پەنجـەرەیدا وەسـتـاوم؟! چەند کـەلله ڕەقم. چاکـتـر وایە پەردە قـاوەییـەکانم باشتر دابدەمەوە و بزانم چی دەبێت؟

ئەوە بۆچی پەردەکانی بەتەواوی دادانەوە؟ تۆ بڵـێی لێم زوویربووبێت؟! ئای چەنـد سـتــەمــە زوویربوون! چەند سـەخـتـە لێک دابڕان! ئاخ! بۆ ئەو سـاتە

بەهەشتییانەی من و ئەو پێکەوە بووین! ئای! بۆ ئەو کاتە دۆزەخییانەی دوای لێک دابڕان. نا، نەخێر لێک دانەبڕاین، بەڵکو ئەو وازی لێهێنام و خۆی جیاکردەوە. دونیاکەی خۆی بردە ئەولای دونیای منەوە. وەک دوو ئەستێرەی غەریب بەیەک بەم ئاسمانی عەدەمەدا شۆڕبووینەوە. بیانووی پێگرتم و پێی ووتم: «ناوەکەتم بەدڵ نییە، بیگۆڕی چاکترە.» بەڵام من دەمزانی لەبەر ناوەکەم نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە من وەک ناوەکەم جوان نیم. ئیتر ئەو کاتە چەند کتێبی دۆزەخی بەپەلە خۆیان هەڵدایە کتێبخانەی دڵی پەستمەوە. دەرگاکانم داخست... پەردەکانم گۆڕی بە ڕەنگی ڕەش و دامدانەوە... پێڵوی چاوەکانم داکەوتن... سەعاتەکەی مەچەکم خستە ناو پیاڵەی چایەکەوە... چک چک تا سەرینایەوە... ڕۆژمێرەکەم لەت و پەت کرد و ئاوێنەکەشم ووردوخاش. جلەکانم لەبەر خۆم دادڕی و بەڕووت و قووتی لێی خەوتم. بەڵام ئەمیان لەوە ناچێت دەستبەردارم بێت... نەگبەتە لەولاوە بۆ خۆی قنج و قیت بۆم وەستاوە. وادەزانێت نایبینم. لەپشت پەردە قاوەییەکانییەوە سەیرمدەکات و لەوە دەچێت دڵی پێم بکرێتەوە. بەس لە مرۆڤێکی بێ زەوق دەچێت... ئەم پەردە قاوەییانە چین؟ لەوانەیە زۆر بەزەحمەت دەستگیربێت. ئەمیان دیارە هەروا بەسانایی خۆی نادات بەدەستەوە... تەلیسمی چاوان وڕی ناکەن... شنە و هاڵا و عەتر و عتووری لەش گێژ و مەستی ناکەن. تۆ بڵێی ئەمیشیان هەر وەکو ئەوانی تر بێت... هەروابێت و تێپەڕببێت... بۆ ماوەیەک هەست و خولیا و دڵ و کڵپەی دەروون سەرقاڵی بێت. تۆ بڵێی ئەمیشیان هەر خەونێک نەبێت؟! وەهمێک نەبێت؟! یارییەک نەبێت لە یارییە پڕ فێڵاوییەکانی سەر ئەم ئەستێرە کڵۆڵە. بەڵام ئاخر بێ ئەوەش سەختە... سەخت. هەر خۆشە خەونێک... سەفەرێک... پەنجەرەیەک... یارییەک ساتەکانی ژیان بدزێت. کێ چوزانێت؟! بەڵکو من دوورکوژیش بم. هەرچەندە خۆم لە دوورەوە نەبینیوە... تەنها و تەنها ئاوێنە

دڕکاوییەکان منیان ناسیووە. ئەو ئاوێنانەی هەموو چرکەیەک لە سیما و جەستەم دەچەقین و ئێستاش ڕۆحمیان ئەنجن ئەنجن کردووە. من بە ئاوێنۆچکەکەی ژوورەکەم وێرام، بەڵام ئاوێنە مشارییەکانی ناخ... ئاوێنە دڕندەییەکانی دەرەوە چۆن دەشکێندرێن. ئەو ئاوێنە ژەهراوییانەی منیان ناشرین کرد. بەڵام دیارە یەکجار بەو شێوەیە ناشرین نیم. ئەوەنیە یەک هەفتەیە ئەو کوڕە قۆزەم لەوبەرەوە تاساندووە... یەک هەفتەیە نەمهێشتووە بخەوێت... لەوانەیە تیری عەشق لە دڵی چەقیبێت.

من هەڵەم کرد. دەبوایە لەگەڵ خۆمدا دەمانچەیەک... تاپڕێک... هیچ نەبێت تیروکەوانێکم لەگەڵ خۆمدا بهێنایە. ئاخر من لەم شارەدا... لەم جەنگەڵەدا کەسی وا ناناسم... کەسێک پشتم بگرێت... بە هەڵە و کەتنەوە لەسەرم هەڵباتێت... وەک ئەوسا بمپارێزێت. ئای ئەوسا چەند دڵسۆزانە منیان شاردەوە... نەیانهێشت بەردەست بکەوم. بەردەستیان بکەوتمایە هەلاهەلایان دەکردم... هەر پارچەیەکم بەدەست یەکێکەوە دەبوو... برایەکی... برادەرێکی... خزمێک... ناسیاوێک... نەناسیاوێک. ئاخ! من چەند ویستم داوای لێبووردن بکەم، بەڵام لێبووردنی چی؟ تازە کار لەکار ترازابوو. خوێنەکەی ڕژا... کوشتم... من کوشتم. نەخێر من نەبووم... نەستی من بوو... نەستی کپکراوی من، بوو بە ڕقێکی سەیر و غەریزە ژەهراوییەکانم قڵپبوونەوە. ئێوارە بوو... ئێوارەیەکی تاریک... نازانم بۆ هەر لەخۆمەوە زەوقم هەستابوو... چوومە پەنایەکەوە دووردەست... بەنەخوێنەکەم ترازاند و خەریک بووم... خۆشم نازانم خەیاڵم بە چ لەشێکەوە درووکابوو. بە دەستێک من سەرقاڵ و دەستەکەی ترم لەسەر دەمانچەکە بوو. ئەو دەمانچەیەی بۆ پارێزگاری خۆم هەڵمگرتبوو. تەزوویەکی سەیر گیانمی داگیرکردبوو، کەچی لەپڕ ئەو کلۆڵە لەبەردەممدا قووتبووەوە. حەپەسام... ئازارێکی کتوپڕ جێگای نەشئەی تەزووی گرتەوە...

بوومە کیشوەرێک لە ڕق... لافاوێک لە شەهوەتی بێدەنگکراو... شەرمێکی بێ سنوور جەستەمی کوتی... گیانم لە ئارەقدا شەلاڵ بوو... جەنگەڵێک تووڕەیی لە چرکەیەکدا هەموو ڕۆحمی تەنییەوە... ئیتر خۆم بۆ نەگیرا... تەق... تەق پێوەم نا. کوشتم و بۆی دەرچووم.

سەرەتا زۆر دڵسۆزانە منیان شاردەوە. دڵخۆشییان دەدامەوە و گاڵتەیان لەگەڵ دەکردم. هەر بە قسەی خۆش دەمانچەکەیان لێ وەرگرتم و «ئەوە ئەو دارلاستیکە چییە بەدەستەوە» چەکێکی قورسیان پێدام. «ئینجا ئەوەهێنێ یەکێکی لەسەر بکوژیت»... «تۆ بۆ شتێکی وا یەکێکت ساردکردەوە، ئەی بۆ شتی تر چی دەکەی؟».

بەڵام من نەمکوشتووە... نەخێر ئەوە هەرگیز لە ئیشی من ناچێت... من ڕەنگە هەر بریندارم کردبێت... کێ چووزانێت؟! بەڵام چی دەکەیت؟ چی دەڵێیت بە خەونەکانم؟ خەونەکانم لێنەگەڕان ئاسوودە و دڵپاک بم. ئاخ! بۆ ئەو ساتە چۆن نەکرا سەیرێکی باشی بکەم، بزانم کوژراوە یان نا؟ هەرچەندە من خەوێنێکی سوورم بینی ڕژا. باشە من لە چ حاڵەتێکی سەیردا بووم؟ بۆ یارمەتیم نەدا و بۆچی فریای نەکەوتم؟ نەخێر من نەمکوشتووە. ئەوە زیاتر ئەوان ئەم تاوانەیان نا بە ناوچەوانمەوە... ئەو دڵسۆزانەی کە منیان شاردەوە... هەر بۆ ئەوەی لەوێ بم و نەگەڕێمەوە... هەر بۆ ئەوەی ژمارەیان زیادبێت هەموو ڕۆژێک چیرۆکێکیان بۆ دەگێڕامەوە. «بڕوابکە! ئەمڕۆ دوو خزمیمان ساردکردەوە... هاتبوون بتکوژن.» «بەسەری تۆ! کەسمان نەبینیووە ئەوەندە خزمی هەبێت وەک ئەو هەتیووە.»

من ئەوسا کە چەک بەشان بووم بۆ ئەوە نەبوو کە جەستەی خۆمی پێ بپارێزم. بۆ ئەوە نەبوو کە لە مردن دەترسێم، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوە بوو کە نەمدەویست بکوژرێم و تاوانەکەم بەسەردا بشکێتەوە. من بۆ پاکێتی ڕۆحی

خۆمم هەڵگرتبوو. گەر منیان بکوشتایە ئەوەیان دەسەلماند کە تاوانم کردووە و حەقم لێدەکەنەوە. من ئەوسا تەنها لەوە دەترسام و ئێستاش ئەو ترسە لە ڕۆحم جیانەبووەتەوە... هەر بۆیە حەزناکەم ئەوەی ئەوبەرەوە بمکوژێت و بە گوللەیەک ساردم بکاتەوە.

کانوونی دووەم ١٩٩٥

* لە گۆڤاری «یەکگرتن»دا بڵاوکراوەتەوە... ژمارە «١٧» ساڵی «١٩٩٥» لاپەڕە «٢٥١ ـ ٢٥٣».

پادشا

کەس وەکو من بە ماڵ گوێزانەوە پەست نابێت... کەس وەکو من قەڵس و مات و ڕەنگ زەرد نابێت. هەفتەیەکی تر بڕیار وایە ماڵ بگوێزمەوە... ئای لەو قیامەتە! هەر لەئێستەوە خەوێنم وشک بووە... زەندەقم چووە. تووڕە و تەنیا، لە ئاسمانێک دەچم نە باڵندەیەک بۆم بجریوێنێت... نە نیگایەک بە هیچم بزانێت... نە ئەستێرەیەک خۆیم پێدا شۆڕبکاتەوە و نە کۆلارەیەکی نابەڵەدیش لە ناکاو ڕێی تێم بکەوێت.

هەر وەکو وتم ماڵ دەگوێزمەوە. هەر لە ئێستەوە خەوم لێ زڕاوە. پیش دەخۆمەوە و هەست بە تەنیاییەکی سەیر دەکەم. لەوانەشە ئەو هەستی تەنیاییەم... ئەو پەستی و قەڵسی و ڕەنگ زەردییەم پەیوەندیشی بە ماڵ گواستنەوەکەوە نەبێت. کێ چوزانێت؟ لەوانەیە پەیوەندی بە شتێکی ترەوە هەبێت... پەیوەندی بە ڕابردوویەکەوە... ئەو ڕابردووەی کە لە سووچێک لە سووچەکانی تەمەنمدا گرمۆڵە بووە و خۆی حەشار داوە... حەشاردانێک کە وا بەئاسانی دەستگیر نەبێت. دەنا من دە جار زیاتر ماڵم گوێزاوەتەوە... سەد جاریش ماڵ گوێزانەوەم بینیووە. لەم بارەدا ئەزموونم گەلێک زۆرە، کەچی تێ ناگەم و ناشزانم لەبەرچی لە کاتی ماڵ گوێزانەوەدا پەستییەکی سەیر دامدەگرێت... هەر لە خۆمەوە شەڕ بە دار و دیوار و نازە دەفرۆشم. گەر دار و دیوارەکان لێم بێنە دەنگ دەیانڕووخێنم... شووشەی پەنجەرەکان هەر بە حەواوە تەمێ دەکەم. کەللەیی دەبم... خواخوامە ورتەیەک، فزەیەک، چرکەچرکی سەعاتێک ببیستم هەر بۆ ئەوەی بکەومە گیانیان، کەچی بۆ نەگبەتی هیچ

نابیستم.

دار و دیواریش بێنەدەنگ، ئەم ژنە ڕۆح سووکەم فـزەیەک ناکـات. چاک دەزانێت، من چ دەمـارگـیـرێکم. ئەوسـا کـە نازەم هـێنا، هەر لە شـایـی ئەڵقـە لەدەست کـردنەکـەوە... لەو کـاتەوە کە هـەرچی دەرودراوسێ... برا و خـوشک و خـزمان... دۆست و هـاوڕێیان لە هەڵپەڕین و کەیف و سـەما و پێکەنیندا بوون، بە فرسـەتم زانی و ئـەم لاوازییـەی خـۆمم بۆ نازە درکاند... ئەم دەرگا ئـاسنینە ژەنگاوییەم بۆ خستە سەرپشت. بە نەرم و نیانییەوە پێم وت:

ـ نازە گیان! دەزگیرانە ئازیزەکەم! لە کاتی ماڵ گوێزانـەوەدا، هەچ وەختێ بێت... لە هەر کوێ بێت، گەر تووڕە بووم وەڵامم مەدەرەوە.

من ئەوسـا زۆر بە ناسکی پێم وت چونکە دەزگیـرانم بوو، ئەمـێستـا ژنمە گەر قسـەیەک بکات دەم و دانی دەشکێنم.

ئەبڵـەق بوو... ترس لـە تێڕوانین و سـیمـای نیشت... تێرامـانێکی سـەیر تێم ڕاما... تێم نەگەیشت و لە تاودا پێکەنی... خەیاڵ بردییەوە و غـەمگین غەمگین لە دەوروپشتی خۆی دەڕوانی.

هەفتەیەکی تر ئاگربارانە... هەر لە ئێستەوە تف لە دەممدا وشک بووە، سێ منداڵم هەیە بۆ دەوێرن بێن بەلامـدا. گـوێم لـێ یە لە ژوورەکـەی ئەودیو نازە پێیان دەڵێت «لەولا، لە ماڵە تازەکە قسە لەگەڵ باوکتان بکەن، لێرە نا».

نازانم لەبـەرچی ئەو قسـەیەی نازە دڵم خـۆش دەکـات؟! ئاوە و دەیکات بە ئاگردا... کلیلێکی بزرە و دەرگای داخراوی ڕاڕەوەکانی دەروونم دەکاتەوە.

کـوڕە گـەورەکـەم تەمـەنی دوانزە سـاڵانـە، بانگم کـرد و هەر لـەخـۆمـەوە شـەقازللەیەکم لێدا... بەسـەر مـێزی هۆڵەکەدا کـەوت و بەربووەوە سـەر زەوی... دەزانم زۆر ئازاری پێ گـەیشت و فرمـێسک لە چاوەکـانییـەوە داباری‌ن، بەڵام دیار بوو ئامـۆژگـارییـەکەی نازەی بیرنەچوو بووەوە، بۆیـە خـۆی تێک نەدا و بە

ڕوومـدا پێکەنی... پێکەنینەکـەی منی تۆقـاند... ترسـام، چەشنی ترسی ئەو خـەونانەی نابینرێن و دێنەدی، کت و مت لە خـۆم دەچوو. خـۆمی ئەوسـای دوانزە ساڵان. من ئەو کاتە بۆ ماوەی چوار ساڵ قسەم بیرچوو بووەوە، لە جیاتی وشە و ڕستەی ئادەمییانە، هاوارم دەکرد. بۆ ماوەی چوار ساڵ لاڵ بووم و یەک وشـە چییـە لـە دەمم نەهاتە دەرەوە. هاوار دروشـمی من بوو... هاوار: ژیان و ترس و پێکەنین و شـادی و گریان و (بوون)ی من بوو. هەر لە بەیانییەوە کە لە خەو هەڵدەستام تا ماوەیەک هەر هاوارم دەکرد، تا زوو دایکە کلۆڵەکەم بەرچایی دەخستە بەردەمم... دەمشیراند تا لەبەردەممدا لای ببەن. گەر تاقەتی قوتابخانەم نەبوایە تاقە هاوارێک بەس بوو بۆ ئەوەی نەچم. جا کە زانیم زۆر باش ئەم شتەم بۆ دەچێتەسەر، تەماحەکانم گەورە بوون... گەورەتر. بۆ پارە... بۆ جل... بۆ خواردنی لاقی مریشک... بۆ هەموو ئاواتێک... هیوایەک... بۆ هـەمـوو حـەزێک... ویسـتـێک هاوارێک بەس بوو بۆ ئەوەی بۆم جێ بەجێ بکرێت. من ئەوسا پێش ئەوەی قسەم بیرچێتەوە زۆر بەدبەختانە دەژیام... لە هەمـوو لایەکـەوە تێم هەڵدەدرا... لەلای باوکـەوە... لەلای دایکەوە... دوو برا گەورەکەمەوە... تەنانەت لەلایەن خوشکە بچکۆلانەکەشمەوە دەچەوسێندرامەوە. چش لەوان... خۆ من لەلایەن دراوسێکانیشەوە هەر وابووم... حەماڵی سەیر سەیریان پێ دەکردم. نەمدەتوانی نەچم، ئاخر دایکم دەیووت:

ـ کـوڕی خـۆم! عـەیبـە، بچـۆ بزانە چییـان دەوێت! دەبێ ئێمـە ڕۆحی یارمەتیمان تیا بێت.

ـ باشـە بۆ بەس من بانگ دەکـەن؟ ئەی سـەردار و نەوزاد؟ ئەی کـوڕانی گەڕەک؟

ـ کوڕم! تازە ناوی تۆیان بردووە... بچۆ دەی بچۆ!

ئاخ! بۆ سەردار و نەوزاد... دوو برا گەورەکەم، چۆن ژیانی منیان دزی؟ لە

هەموو شتێکدا هەقی منیان دەخوارد... لە هەموو یارییەکدا گزییان لێدەکردم، تەنانەت لە مریشک خواردنیشدا هەموو کاتێک ڕانەکەیان بەردەکەوت. کە دەیانخوارد سەیری منیان دەکرد و پێم پێدەکەنین... ڕانەکەیان وەک پەشمەک دەخوارد... بە لێو دەخوارد... منیش بە دەست سینگە لاستیکێکەوە دانەکانم هەڵدەوەرین و ئارەقەی ڕەش و شینم دەکردەوە. خۆ دووگۆڵیشیان بەقەدەر من نەدەزانی، کەچی ئەوان، منداڵانی گەڕەکیشیان لە من تێگەیاندبوو، کە یاریمان دەکرد، ئەوان و کوڕانی گەڕەک هەمیشە تۆپیان بە من دەهێنایەوە، یاخود دەیانکردم بە گۆڵچی. بەدبەختی بوو تۆپێک بەناو گەڵمدا ڕەت ببوایە، چش لەوەی بە دووگۆڵ حیساب بوو، کەچی تا هەفتەیەکیش نەیاندەبرییەوە و منیش کون نەبوو خۆمی تیا بشارمەوە.

من ئەوسا، لەکاتی شایی ئەڵقە لەدەست کردنەکەدا هەموو شتێکم بۆ نازە گێڕایەوە، هەرچەندە بڕیارم دابوو کە هیچ باس نەکەم، بەڵام تێ کەوتم و هەمووییم بۆ هەڵڕشت، خەتاکەش، خەتای ژنێکی دراوسێمان بوو، نازەش سەرسام سەرسام سەیری ئەم لاو ئەولای دەکرد. ها ئێستا نا ساتێکی تر دەیکردە شەستەباران، پەڵە هەورێکی بچووک و سپی بوو، زوو زوو گەورە و ڕەش دەبوو... خەیاڵ دەیبردەوە و ترش و مۆن دەبوو. کە بەزۆر ویستیان هەڵمانبستێنن بۆ هەڵپەڕین، ئەو حەزی نەکرد و «تۆزێ سەرم گێژدەخوا» بە غەمبارییەوە دانیشتەوە، منی زاواش قینج و قیت لە تەنیشتییەوە، خواخوام بوو ئەم شاییە نەعلەتییە زوو تەواو بێت و ببڕێتەوە.

هەفتەیەکی تر دۆزەخ بەم چاوانەی خۆم دەبینمەوە و ماڵ دەگوێزمەوە. پەشۆکاوم... هەناسەم توند بووە. ئەم دەشتی کاکی بەکاکیە چۆن ببڕم؟ بەم شاخە هەزاربەهەزارەدا چۆن سەربکەوم؟ هەرچەندە ماڵ گوێزانەوە ڕەنگە خۆی لە خۆیدا هێندە سەخت نەبێت، بۆ من وا زلم کردووە؟ هەرچی شتت

هەیە، نیوەی فڕێ دەدەیت و نیوەکەی تری لەگەڵ خۆتدا دەبەیت. بەتایبەتی بۆ یەکێکی ئەزموونداری وەکو من. کەچی نازانم لەبەرچی لە کاتی ماڵ گوێزانەوەدا مەرگ بەم چاوانەی خۆم دەبینم. هەست دەکەم هەموو ئەو شتانەی هەمانن بەسەر یەکەوە، لەسەر ئەم کۆڵە نەگبەتەی من دەگیرسێنەوە. کە دادەنیشم، هەست دەکەم دۆڵاب دەستمە و مێز قاچەکانم. خۆ سەلاجەکە جلی لەبەر بکەیت هەر لە خۆم دەچێت. ئەوە هیچ تەنەکەی خۆڵەکەیش هەر کت و مت کاسکێتەکەی سەرمە. کە دەشخەوم وا هەست دەکەم لە پیکاب بەربوومەتەوە. خۆ نازە ئەم شتانە هەمووی دەزانێت... هەموو کون و کەلەبەر و درز و قلێش و دەلاقەی ژیانی من دەزانێت... ئاگای لە هەموو شتێکە... من بووم هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە و فێری غەم و تاوانم کرد. هەر لەو ڕۆژەوە... ئەو ئێوارەیەی کە ئەڵقەمان کردە دەستی یەکتر. من یەکەمجار ئەڵقەکەم کردە دەستی. تا ئەو پەنجەیەم دۆزییەوە کە ئەڵقەی تێ دەکرێت، ئارەقەی ڕەش و شینم دەردا و دوو سێ پەنجەیم گۆڕی و تاقی کردەوە، ئەوانیش هەر وێنەیان دەگرتین. خۆ وێنە بێ وەفاییەکان تا ئێستاکەش هەر ماون. کە دەیانبینم پێدەکەنم و تەریق دەبمەوە. سەردار و نەوزاد سەرو کامێرایان پێ بوو، بە دەستێک لاقی مریشکیان دەخوارد و بە دەستەکەی تر وێنەیان دەگرت.

هەموو مەست و دڵخۆش... دەم بە پێکەنین... بە خەندە و ئاڵ و والا. هەر من پەست بووم و نازەش سەرسام. بەیەکەوە وەستابووین، تەوقە و ماچ و مووچ دەستی پێ کرد... دیاری و ئاڵتون پێوە کردن... ئاواتی ژیانی پیروخەرۆیی و قسەی سەوز و قسەی سوور. لەناکاو، لەناو ئەوانەدا کە ئاڵتونیان دەباراند بەسەر سەروسیما و جەستەی نازەدا، ئامینەخانی دراوسێ ی جارانمان قووت بووەوە... نزیک بووەوە و دیارییەکەی خۆی دایە نازە و ماچی کرد... سەیرێکی منی کرد و وتی:

ـ پادشا گیان! زۆر حەزم کرد گوێم لە دەنگت بێت. ئەو چوار ساڵەی کە تووشی ئەو نەخۆشیە بوویت خۆم بە تاوانبار دەزانی.

نازە مۆڕەیەکی لێ کردم، وای زانی شت قەوماوە و من دەیشارمەوە، منیش حەپەسام و زەردەخەنەیەکیشم تێ گرت کاری نەبوو. دانیشتینەوە. ئاخر ئامەخان چی تۆی گەیاندە ئێرە؟ خۆ تۆ بە دارشەق دەڕۆی... چۆن ئەم هەموو ڕێگایەت بڕی و هاتیتە ماڵی نازە؟ بۆ دیارییەکەت بە دەستی یەکێکی تردا نەنارد؟

ـ چوار ساڵی چی؟

بێگومان ئەمە یەکەم پرسیاری نازە بوو کە دانیشتنەوە.

ـ ئەها! حەز دەکەیت دوای ئاهەنگەکە بۆت....

ـ نەخێر... هەر ئێستا.

جا تێ کەوتم و هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە... لە نووکەوە گێڕامەوە و نەسڵەمیمەوە... هەموویم بۆ هەڵڕشت. تەنیا یەک شت نەبێت... درۆیەکی پیرۆز کە هەموو ژیانی منی گۆڕی... قەیناکا با ناوی بنێین درۆ... با وابێت، بەڵام کەس ئاگای لەوە نییە کە بەهۆی ئەو فێڵەوە، ئەو چوار ساڵەی قسەم بیرچووبووەوە، درەوشاوەترین ساڵانی عومری من بوو... بەهەشتێک بوو... ساتە مەستەکانی... شێتەکانی چ زوو تێپەڕین!؟

وەک هەموو کاتێک... تەنیا و پەست و بێ کەس ڕاوەستابووم و کوڕانی گەڕەکیش سەرقاڵی دووگۆڵی بوون. ئەوان گۆڵیان دەکرد و پێدەکەنین، منیش تۆپم بۆ دەهێنانەوە و جنێـــوم بە دار و دیوار و دۆزەخ و بەهەشت دەدا. ئامینەخانی دراوسێمان ماڵی دەگواستەوە. هاواری کرد و داوای یارمەتی لێ کردم کە بچمە دواوەی پیکابەکە و ئاگام لە شتەکانی بێت... چووم... چووم و خۆم هەڵدایە لای شتە شەق و شڕەکانی. بیرمە ئەوسا تفێکم لەچارەی خۆم

کردو دەستی تفاویم نا بە ناوچەوانمەوە، بەڵام ئێستا لەو تفە پەشیمانم، لەو جنێوانەش کە لە دڵی خۆمدا بە ئامینە خانم دابوون. بیرێکی سەرسوڕهێنەر منی مەست کرد، فێڵێکی سیحراوی تەنگی بە ڕۆحم هەڵچنی و بڕیارم دا کە هەر پیکابەکە بکەوێتە جووڵە، من بە خۆم و مێزە شرێکەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە و چی دەبێت با ببێت. ئەو فێڵەی ئەوسام لە قەهردا بۆهات... لە بەدبەختیدا بۆهات... ئەو درۆیەی ئەوسام چەند چرکەیەکی خایاند، کەچی هەموو ژیانی داهاتووی منی گۆڕی. خۆم هەڵدایە خوارەوە و مێزە لەعنەتییەکە بەسەرمدا کەوت، بیرمە ئەوسا ژانێکی سەیر چووە ڕۆحمەوە و هەستم کرد کەللەم وەک شووتی شەق بوو، خوێنی سووری خۆم بینی و لە هۆش خۆم چووم. کاتێ هۆشم هاتەوە بەرخۆم سەیرم کرد، سەرم بە چەند تەقەڵێک دوراوەتەوە و لە ماڵەوە زۆر نازدارانە ڕاکشاوم. دایکم بەدیارمەوە دەگری و باوکم غەمگین. خوشکە چکۆلانەکەم لچی کردووە و سەردار و نەوزادیش سەرسام سەرسام تێم دەنوارن. من هەستم دەکرد (پادشا)م و ئەوانیش بەردەست و پەنا... من ئاوێنە و ئەوانیش سیمای لێڵی خۆیانی تیا دەبینن... من گلۆپێکی کز و ئەوانیش وەک پەپوولەی گەورە گەورە بەدەورمدا دەخولێنەوە. کە چاوەکانم کردەوە هەموویان بەیەکەوە قسەیان لەگەڵ دەکردم و هێرشی دڕندانەی پرسیاریان ئارامی نەبوو، جا بڕیارێکی شۆڕشگێڕانەم دا و خۆم لاڵ کرد... پەیمانم بردە سەر و قسەم نەکرد، لەجیاتی ئەوە هەر خەریکی شیڕە شیڕ بووم... هاوارم دەگەیشتە بنی دونیا. بورکانێکی پەست و تووڕە بووم بە هیچ شتێک دانەدەمرکامەوە. ئیدی من نازناوی (پادشا)م پێ درا... پادشای ماڵ و گەڕەک... خودای زەوی و ئاسمان... هەوا و ئاگر و خۆڵ و ئاو... بێ بەزەییتیم خستە گەڕ... کەوتمە ئازاردانی هەموو ئەو کەسانەی لەپێشدا ڕۆحمیان ئازار دابوو... بۆ کەس هەبوو بڵێ لەل؟! بۆ کەس هەبوو قسە لە

قسـەمدا بکات، مەبـەستم لە هـاوارم. تەنگم بە باوک و دایکیشم هەڵچنیبـوو... ژیانم بە دوو براکەم تاڵ کـردبوو، ئەو دوو برا گـەورەیەی هـەموو تەمـەنی منیـان دزی بوو، جـا بڕیاریـان دا و بردمـیـانە لای پزیشکـی دونیـا... شـارەکـان، هیچ دەرمـانێک لە هـاوارکـردنی نەدەکـردم... هیچ شـیـرینـقـەیەک ئەو پەیمـانەی پێ نەدەشکاندم. دایکە کـلـّـۆڵەکـەم شـێـخ و مـشـایخی دونیـای بردم... مـەلا جۆربەجۆرەکـان... کتێب گرەوەکـان... قەرەجەکان... جـادووگەران... فاڵچییەکان... قـاوەگرەکـان... غەیب دۆزەکـان... کـەس سـەری لـەم نهێنییـە دەرنەدەکرد... ئەم مـەتەڵە بەکـەس هەڵنەدەهـات... چـوار سـاڵ بەم شـێـوەیە... بەم شـێوە شـیـرینە ژیام... هەرچەندە لە شـیـرە و هـاواری خۆم بێـزاریش بووم، بەڵام پادشـا بووم و کەس بەبێ پرسـی من... منی غەمگین و دڵشاد دەستی نەدەکرد بە ئاودا. تا دوا جار باوکم سیحربازێکی ڕیش سپی پشت کۆمـاوەی دۆزییەوە، بردمیانە لای، هەرچەندە بـاوکم بڕوای بە سـیـحـر نەبوو، بەڵام بە چاوەکـانیدا دیاربـوو کـە لە سیحربازەکە دەپاڕایەوە. پیرەکابرا دوو سێ دەستی پیرۆزی بە سەرمدا هێنا، یەک دوو فـووی بۆگـەنی بە سـیمـا و گـوێچکـەمدا کـرد، ڕۆحم تێکەڵهـات... وورد وورد لە چاوەکـانم ڕامـا. من زەردەخـەنـەیەک گرتمـی و ئەویش زەردەخـەنەیەک بەڵام وەک ژەهر تاڵ. بە غـەمـبـارییـەوە سـەیرێکی باوکە بەدبەخـتـەکەی کـردم و وتی:

ـ ئەم کوڕە شیرینەتان ناوی چییە؟

ـ پادشا قوربان!

لەبەرخـۆیەوە چەند جـارێک پادشـا... پادشـای دووبارە و سێ بارە کـردەوە و وەک شـەستە باران ڕستەیەکی مێژوویی دەرپەڕاند... وتی:

ـ پادشا دەتوانێت قسە بکات.

دایکم فرمێسک لە چاویدا بوو... خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی:

- چۆن؟
- ئەم کوڕە خۆی وای لە خۆی....

نەمـهێشت ڕستەکـەی تەواو بکات... هـەسـتـام و کـەوتمە جنێـو پێ دانی... دایکم پەلاماری دام و کەوتە ماچ کردنم... باوکم کە گوێ ی لە مۆسیقای دەنگم بوو لە خۆشیاندا نەیدەزانی چی بکات، نەیدەزانی چ سـەمایەک هەڵبـژێرێت. باوەشی پێدا کردم و چی پارەی لە گیرفاندا بوو گرتییە سیحربازەکە و دەستی ماچ کرد و وەک ڕەشـەبا دەرپەڕین و چووینەوە بۆ ماڵەوە. ئیدی وا بڵاوکرایەوە کە سیحربازەکە منی چاک کردووەتەوە و کەس بە درۆکەمی نەزانی... کەس ئەم فێڵە پیرۆزەی پێ ئاشکرا نەکرا. دایک و باوکم لەو ڕۆژەوە لە خۆشیاندا نە بیر لەوە دەکەنەوە کە دوا ڕستەی سیحربازەکە چی بوو؟ ئەی بۆ من کەوتمە جنێو پێ دانی؟ نە کەس پرسیاری کرد و نە کەسیش پرسیار دەکات.

ئابی ١٩٩٥

* لە ڕۆژنامەی «پەیام»دا بڵاوکراوەتەوە... ژمارە «٥» ڕێبەندانی «١٩٩٨».

# وڵاتی پەیکەرەکان

کەس پێشبینی ئەو ڕۆژەی نەدەکرد... ئەو ڕۆژە شوومە... هەواڵی ئەو بەیانییە... ئەفسووناوییە... باراناوییە سەیرە... ڕۆژی یەکی نیسان... هەموو پێکەنینیان دەهات... سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوە تەنیا درۆی نیسانە... درۆیەکی سپییە و هیچی تر... گاڵتەیەکە و سەربەقوڕ دەهێنێتە پێکەنین... نوکتەیەکە و غەمبارترین کەس دەخاتە سەر کەڵکەڵەی هەلەکە سەما.

هەموو وایان دەووت... دەیانووت درۆی نیسانە... کەس باوەڕی بە گوێچکەی خۆی نەدەکرد. سەرەتا بە زەردەخەنەیەک ویستیان کۆتایی بەم گاڵتە نەعلەتییە بهێنن... کە هێمنتر بۆ جاری دەیەم گوێیان لە ڕادیۆکە گرت، جا ویستیان بە قاقای پێکەنین ئەم نوکتە ئەهریمەنییە... ئەم درۆ زلە داپۆشن... دانەدەپۆشرا.

ئاخر هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا، هاوڕێیان... خزمان... کەسی دوور و نزیک: گاڵتەیەک... نوکتەیەک... فشەیەک... درۆیەک لەگەڵ یەک و بەزمێک بەیەکتر دەکەن و بە پێکەنین کۆتایی بە هەموو سەرسامی و ترس و دوودڵیەک دەهێنن و خەنی دەبن. بەڵام ئەمجارەیان وەک جارەکانی تر نییە. درۆیەکە هەر زۆر زلە، دونیا دەشڵەقێنێت، یەخەی ئاسمان دەگرێ و شاخ دەڕمێنێ و ئۆقیانووسێک دەخاتە سەما.

ئاخر کەس بیستوویەتی میری لەسەر ڕادیۆ بیەوێت ختووکەی ئەم گەلە بدات. کەی میری درۆی سپی دەزانێت؟ کەی تاقەتی گەمە و گاڵتەی هەیە؟ کوا کاتی ئەوەی هەیە نوکتەی ڕەسمی بگێڕێتەوە. بێگومان شتەکە وا نەکەوتەوە.

بەیانی زوو بوو... هەتاوی گورگەزێ هەموو لایەکی ڕۆشن کردەوە... باران و هەتاو بەیەکەوە دەبارین. تا چاو بڕکات، لە قووڵایی ئاسمانەوە وەک عاشقەوماشقە دیاربوون، خۆیان بە یەکدا دەدا و لەیەکتر هەڵدەسوو... ئەمیان بە باران پرچی زێڕینی خۆی تەڕدەکرد و بارانەکەش خۆی دەشوشت بە تیشکی هەتاو. هەموو لەگەڵ کردنەوەی ڕادیۆکەدا دەم بە پێکەنین بەرچاییان خوارد. هەواڵەکە یەک لەسەر یەک دووپات دەبووەوە. دەم و چاوە خەواڵووەکانی... برسییەکانی... سیما پڕ لە قین و سۆزەکانی زیندوو کردەوە.

«مژدە... مژدەیەکی خۆش»... لەگەڵیا پارچە مۆسیقایەک ڕەق، وەک ئەوەی بەردێک ئاوازەکەی بۆ دانابێت پێ بە پێ هەموو وشەیەک شنەی دەکرد. «هەچ کەسێک دەیەوێت... دەتوانێت لەماوەی سێ ڕۆژدا پەیکەرێک دروست بکات و لە هەچ شوێنێک دڵی دەخوازێت دایچەقێنێت. ئەمە بڕیاری سەرۆکە و کەس با دوودڵ نەبێت. ئێمە دەخوازین ئەم شارە بکەینە پایتەختی مۆزێی جیهان و پەیکەرەکانتان جێگای ڕێزی ئێمە و سەرۆکی خۆشەویستە و بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە هەروا دە ساڵی تر... سەد ساڵی تر... هەزاران ساڵی تر چۆن پەیکەرەکانتان دەبنە جێگای ڕێز و شانازی و چ مێژوویەک تۆمار دەکەن بۆ هەموو نەوە خۆشەویستەکانی داهاتووی ئەم گەلە. دەی ئیتر قۆڵی لێ هەڵبکەن ئەی هاوولاتییە خۆڕاگرە بەشەرەفەکان و لەدڵا شیرینی سەرۆک».

نەخێر ئەمە هەر دەبێ درۆی نیسان بێت. ئەمە ڕستەی دەمی یەکە بە یەکەی ئەو حەشاماتە بوون کە لە بازاڕ و دایرە و مزگەوت و کۆڵان و قەیسەری و کۆگاکاندا جمەیان دەهات و دوودڵ و سەرسام لۆمەیان دەکرد و جنێویان دەدا و پڕ بە دڵیش پێدەکەنین. «خوا بیانباتەوە بۆ خۆیان و گەمەیان.»... «ئەمانە ئێمەیان کردووە بە گاڵتەجاڕ». «ماڵی فشەم بە قوڕگرتن»... بڕوابکەن! ئەمڕۆ لەبەر پێکەنین دەستم شت ناگرێت».

ئەو کەسانەش کە بەسەردان لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوونەوە و کەمێک هەوای دیموکراسی بەزۆرەملێ چووبووە ناو سییەکانیانەوە دەیانووت «چۆن حکومەت لەسەر ڕادیۆی ڕەسمی درۆی وا ڕەسمی لە ڕۆژی یەکی نیساندا لەگەڵ خەڵکدا دەکات! ئاخر ئەمە کاری خراپ دەکاتە سەر کەسایەتی و حاڵەتی سایکۆلۆژی مرۆڤ».

بەڵام ئیتر ڕووداوەکە هەر ئەو کاتە لە حاڵەتی سایکۆلۆژی چووبووەدەر، کە کاتێک بۆ ئێوارەکەی، سەرۆک خۆی، لە تەلەفیزیۆنەوە ڕایگەیاند، ئەو هەواڵەی کە بیستوویانە ڕاستە و درۆی یەکی نیسان نییە. پێناخۆش بوونی خۆشی دەربڕی بەوەی کە کەس دەستی نەبردووە پەکەرێک دروست بکات، چونکە کەس بڕوای بەو فەرمانبەرە قوڕبەسەرە نەکردووە کە لە دەمی ئەمەوە مژدەکەی لە ڕادیۆوە پێ ڕاگەیاندوون و وتی «لەماوەی تەنها سێ ڕۆژدا، بەزۆرنا، بەڵکو گەر حەز و تواناتان هەیە، پەیکەرێک چێ بکەن، ئەوەش دەزانم و تۆزێکیشم لەسەر خوێندۆتەوە کە دروستکردنی پەیکەرێک لەماوەی سێ ڕۆژدا کارێکی مەحاڵە، هەر لەبەرئەوەش مەرج نییە پەیکەرەکان لە ئاستی هونەریدا شیاو بن. درێژەی دا بە قسەکانی و وتی:

جا لە هەرکوێ دڵتان خەونی پێوە دەبینی سڵ مەکەنەوە و دایچەقێنن. ئەمە بڕیارە و پەشیمانی لەدوا نییە. هەچ پەیکەرێک بێ گرنگ نییە. گرنگ بەشدار بوونە. با پەیکەری تێکۆشەرێک بێت، یان سەربازێکی ون. با هی خۆتان بێت، هی بابتان... داکتان... دەزگیرانتان... باپیرە گەورەتان... شەهیدێک... پێشمەرگەیەک... نەفەرێکی مێژوویی... بابە با سەری ئەسپێ بێ... چش با من بم. ئەو شتانە خۆتان بڕیاربدەن. لە هەچ شوێنێ دایدەنێن، پەیکەرەکانتان مێوانی ئازیزی ئەم شارە ئازیزە دەبێت.

هەر ئەو ئێوارە درەنگە پیاوانی ئەم شارە ڕژانە ناو بازاڕ، کۆڵان و

دوکانەکـان. چی بۆرەک، گەچ، چیـمـەنتۆ، ئاسـن، شـیش و گڵـەسـووره هەبوو کرییـان و کەوتنە دروست کردنی پـەیکەری خـۆیان. ئەو شـەوە شـەوی حـەشـر بوو... تا بەیانـی کـەس کـەروێشکە خـەوێکیشـی نەکرد. بەرەبـەیان بە هـەزارەها کـەس پـەیکـەرێکی قـۆزیان بۆ خـۆیـان تاشـی. سـەیریـش لەوەدا بوو کـە سـەیری هەچ پەیکـەرێکت بکردبایە، دەتزانـی خـاوەنەکەی چ کـارەیـە. مـامـۆسـتـاکـان بە خـۆیان و دارەکانی مـستـیـانەوە... مـەلاکان بە خـۆیان و قـورئانی باوەشیـانەوە... سـیاسـییـەکـان بە خۆیان و دەمـانچـەکانی بـەرباخـەڵیـانەوە... لێفە درووەکـان بە خۆیان و لێفە شرەکانیانەوە... قوتابیان بە خۆیان و قۆپییەکـانی گیرفانیانەوە... چایچـیـان بە پـیـاڵەچـای شــیـرینـی دەسـتـیـانـەوە... دڵدارەکـان بە نـامــەی فرمێسکاوییـەوە... سـەرکردەکان بە خۆیان و ئەسـپە قەشـەنگەکانیـانەوە... ئەمە ئاسنـگەرە و چەکـوش... ئەوەشـیـان شـاعـیـر و قـەڵەم. ئا ئـەوەیان قـەسـابێکی ئاسـاییە یان پیـاوکوژێکی یاسایی؟ ئەی ئەمەیان دزە یان فەرمانبـەری نەگبەتی بانک؟

هـەموویانت دەناسییەوە و کەس کەسـی لێ ون نەدەبوو.

ئیـدی هـەر بۆ بەیانی سیمـای ئەم شـارە گۆڕابوو، فریا نەدەکـەوتی سـەیری ئەم هـەمـوو پەیکەرە ناهونەری، خـواروخـێچ، گێـڕ و سـەیروسـەمـەرانـە بکەیت. هـەر ئەو ڕۆژە شــەڕێکی زۆر کـرا و خـوێنێکی زۆرتریش ڕژا، لـەسـەرئەوەی کـە ئەو ســەری ئـەم پەیکـەرەی دزیووە، ئەمـــیــشــیـــان دەســتـی بڕاوی ئـەو... ئەو کەللەزلەش قـاچی لە گەچ گیراوی ئەوی قۆسـتۆتەوە و ئەم کڵـۆڵەش لووتی ئەو. ئەم لاسـایی ئەوی کـردۆتەوە و ئەمـیـشـیـان هێندە تـەمـاشـایان کردووە و پێ ی پێکەنیـوون، تـەریق بۆتـەوە و ســەری بێ چاوی پـەیکەرەکـەی خـۆی لـە دەست بەربۆتەوە.

هـەر ئەو ڕۆژە هـەمـــوو مـــاندو و بـرسـی... تـینـوو... بـڕست لـێ بڕا و تـووڕە

دەبوایە ببنە پاسەوان لەبەردەم پەیکەری دروست کراوی خۆیان... دەبوایە لەوێ بێ بۆئەوەی نەتدزن و تێکت نەدەنەوە. لێشاوی ڕق و بوغز و جنێو و گلەیی خەڵک هەر زیادی دەکرد... هەریەکە وەک کوکوختییەکی نەخۆش لەبەرپێ ی پەیکەری خۆیدا هەڵکوڕما بوو، ئیدی هەریەکە و بە شتێکەوە... بە چەقۆوە یان خەنجەرێکەوە... بە دەمانچەیەکی چواردەخۆرەوە یان تۆپی سەدوشەش میلیم... نا هیچ نەبێ بە تاپڕێکەوە... بە تیروکەوانێکەوە... بە ئامێرێکی برینداركردنەوە، پارێزگاری پەیکەری سێبەرەکەی خۆی دەکرد.

بە هەزارەها لە تووڕەیدا خوێن لە چاویان دەتکا... بەئاشکرا جنێویان دەدا... جنێو بە دارودیوار و حکومەت و مێژوو دەستە و دایرەی سەرۆک و بگرە دەڵێن جنێوێکی زۆریش ڕەوانەی سەرۆک خۆی کراوە. تومەس سەرۆک هەموو جنێوەکانی بیستبووەوە و ڕووی نەهاتبوو بەئاشکرا بیخاتە سەرخۆی و بێتە سەر تەلەفیزیۆن، بۆیە یەکێکی تری لەجیاتی حزوری خۆی ناردبوو کە نامەیەکی گرنگ بۆ ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بخوێنێتەوە.

کابرای موزیع وەک بەزۆر نێردرابێت پەست و تووڕە و تڕۆ وەک شاخی بەفر ڕماو قیژاندی: بەم جووتە سمێڵەم قەسەم... ئەوەی پارچەیەک... تەنیا پارچەیەک لە پەیکەری خۆی یان یەکێکی تر لێ بکاتەوە، قۆڵی لێ دەکەمەوە. ئەوەی لووتێ ببڕێ... لووتی دەبڕم. ئەو کەسەش شیشێک لە پەیکەرێک دەربهێنێت... برڕبڕەی پشتی وەکو ماسی دەردێنم... ئەو کەسەش بوز بە پەیکەرێکەوە بکات هەڵیدەواسم... قوڕ بەسەر ئەو کەسەی سەرێک بدزێ... سەری لێدەکەمەوە. خوام لەوخوایەی یەکێک سەیری ئەوی تر بکات حیسابی دەردەچێت... وەی بۆ ئەو کەسەی پەیکەرێک دەڕوشێنێت... پێستی کەوڵ دەکەم. واوەیلا لەو کەسەش کە لە دوایدا بە پەیکەری یەکێکی تر پێدەکەنێت، لە بەندیخانەدا گیری دەکەم و تا ماوە با بۆ خۆی گۆرانی بڵێت.

کـابرا هێنده هەڵچـووبوو وەک ئەوەی خـۆی بڕیـارەکەی دابێت، دەلەرزی و قوڕگی وشک ببوو، بۆیە بە پڕتاو دەسـتی برد و ئەو شووشـە «تراوبی»ەی کە لە بەردەمیـدا دانرابوو بە فڕڕێک هـەڵ دا و تێ هەڵچووەوە. «هەچ پیـاوێک ڕێ لە ژنەکەی یان لە کچـەکەی خۆی بگرێ پەیکەر دروست بکات لە پیاوەتـی دەخەم. هەچ برایـەک نەیەڵێ خـوشـکەکـەی پەیکەرێک بەدڵی خـۆی دروست بـکات، دڵی دەردەهێـنم. ئاخــر، خــۆ ئەم بـڕیارەم هەر بـۆ پیــاوان دەرنەکـردووە... هـەمــوو ڕۆڵەیەکـی بەشــەرەف دەگـرێتــەوە... لە ژن و لە پیـاو... لە منداڵ، گـەنج، شـەل، کـوێر، کـەڕ و لاڵ. خـۆ من ئـەم بڕیارەشـم لە خـۆمــەوە نەداوە، داواکـاری چەند ساڵـەی ئێوەی ئازیزە، کـە ئەم شارە سـیمـایەکی جوان و شـارستـانی هەبێت و گەڕۆک و توریسـتی جیـهـانیش کە بێن بۆ زیارەتمان دەبێ شتێ هەبێ سـەیری بکەن. ئێوە خۆتان داواتان کردووە کە دەبێ پەیکەرێکی زۆر لەم شـاره هەبێت، ئیـتر ئـەم شـەڕ و پێک دادانەتـان لە چی؟ ئەم هەلە مـێژوویـیە لە دەست مـەدەن... دوا تکام ئەوەیـە کـە با کـەس سـەیری ئەوی تر نەکات، ئاخـر دوو ڕۆژتان مـاوه مردووتان نـەمرێ، دوو ڕۆژ چییـە ئەگەر سـەیری یەکتـر نەکەن و سـەربەست بن بۆ خـۆتان. کـەمێکیش فـەنتـازیاتان بخـەنە گـەڕ. حـەز دەکـەم ئەوەش بڵێم، کـە مــەترسن و دوودڵ مـەبن. کـەس لەمــەودوا دەسـتکاری پەیکەرەکـانتـان ناکـات. ئەگەر خـوانەخـواسـتـە شـارەوانـی یەک پەیکەر... تەنها یەک پەیکەر چییـە تێک بداتەوە، منیش هەڵیدەوەشـێنمـەوە... ناوەکـەشـی دەگـۆڕم و دەیکەم بە وەزارەتی ئاسـایشـی گوڵ و پەیکەر و گوڵزار.

دوای ئەم نامـە مێژوویـیـەی جەنابی سـەرۆک، دیسـانەوە هـەر هـەموو ڕژانەوە ناو بازاڕ، کوچە، مزگەوت، قـوتابخـانە، زانکۆ، قەیسـەری، باخـچە، خـەستەخانە و کۆگـاکـانەوە. گـەنج و پـیـر، کـوڕ و کچ، بێوەژن و خـانەخـوێ، هەمـووشـتێکی پێویست و ناپێویستیان کڕی، دزی و پێچایەوە. هەچ کەرەسـیـەک کە لەشێک...

سەرێک... قاچێک... لووتێک... دەستێکی پێ دروست بکرێت... گەچ و چیمەنتۆ... دار و دەوەن... بەرد و بۆیە، ڕۆن و گوریس، شیش، تەختە و ئاسن... وردە زیخی کانیلە... بەردی گورچیلە... قووڕەسوور، بۆرەک، قیر و خورما.

ئیتر هەر بۆ ئەو ڕۆژە، ڕژانەوە ناو یەکتر... پەیکەرە مردووەکان... پەیکەرە زیندووەکان... وای لێ هاتبوو دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە عەرد. لە هەموو شوێنێکدا... لە هەموو سووچ، قوژبن و بن بەستێکدا... دووردەستێکدا... لە هەموو هەوارێکدا... پەیکەرت دەدی لەژێر چەتری پاسدا... لە ناوەڕاستی شەقامێکی گشتیدا... لەسەر منارەی مزگەوتەکان... گۆڕستانەکان... هەر لە باخچەی گشتیدا بە سەدەها پەیکەر دروست کرابوون... لە سەربان و حەوشەی زانکۆ و قوتابخانەکان... لەسەر دیواری کارگە چەند ساڵ لەکارکەوتووەکان، لە بەردەمی ڕەفە خاڵییەکانی کتێبخانەی گشتیدا... لە هەر جێگایەک کە دڵ خەونی پێوە دەبینێت، ئەمیان لای پەیکەری بەرزی سەرۆکەوە... ئەویان لەسەر شانی ڕاستی، ئەو هەتیووە پشتی تێ کردووە و ئەو چەتیووەش چەمۆڵە. ئەویشیان لەبەر قاچی ئەسپەکەی سەرۆک، یەکێک هەر چووبووە سەر ئەسپەکەش کەس نەیدەوێرا سەیری بکات، هەموو هەوارێک سیخناخ لە پەیکەری جۆراوجۆر... ڕەش، سپی، شین، سوور، زەرد، سەوز و بۆر.

پەیکەری کوڕێکی کوێر لەسەر ئەسپێکی بێ قاچ... پیاوێک خۆی و دەمانچەیەک کە لەسەری گەورەترە، منداڵکارێک داوای ژەهر لە مارێک دەکات و پەیکەری مارەکەشی کردووە... شۆخێک بە ماکسییەکەوە لەجیاتی ماسی گرتن خەریکی دیلفین گرتنە... پیرێژنێک قژێکی ڕەشی بۆ خۆی کردووە و لە ئاوێنەدا سەیری لەشی دەست لێ نەدراوی برونزی خۆی دەکات... منداڵێک بە نارنجۆکێکەوە... پەرییەکی نازدار خەریکی کۆتربازییە. نووسەران بە جانتای

سەفەرەوە. شتی سەیرت دەبینی: پاکەت فرۆشێ پێدەکەنی... پەیکەری ژن و مێردێک بەیەکەوە بەختیار... سۆزانییەکی قەشەنگ جلی بوکێنی دەپۆشی... دایکێک نە چاو بە فرمێسک بوو، نە کراسەکەی ڕەش... کوڕێکی گەنج ڕیش و سمێڵی دەتاشی... بێوەژنێک بە منداڵێکەوە شوو دەکاتەوە... حەماڵێک دەستی لە تاکسی ڕاگرتووە و پەیکەری تاکسی یەکەشی کردووە... پیاوێکی سمێڵ بابڕ فوو لە مۆمەکانی سەر کێکی تەمەنی دەکات. پەیکەری باوکێک کرابوو کە گسک دەدا و لەسەریشی نووسرابوو «ئیش کردنی ڕەگەزی نێر لە ماڵەوە». پەیکەری دوو کەس بەدەم یەکەوە پێدەکەنین... پەیکەری کەسێک ئاواتێکی مابوو... بە هەزارەها پەیکەری کچی ڕووت و قووت لە حەوشەی مەکتەبی کوڕاندا... کچێکی قەیرە لەگەڵ باوکیدا تۆپ تۆپێن دەکات و هەردووکیشیان بە شۆڕتەوە. دزێک پارە بەزیادەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی و لەسەریشینووسرابوو «لێم ببوورە»... خوشکێک پەیکەری سەری ئەژدیهایەکی کردبوو لەسەری نوسیبوو «برا گەورەکەم»... باوکێک لەخەو ڕادەپەڕێت و بەبێ ئەوەی تووڕەبێت مەمکەمژە دەخاتە دەمی ساوای جگەرگۆشەی... سیاسیەک ڕۆمان دەخوێنێتەوە... پەیکەری سەرۆک عەشیرەتێک لە ناوەڕاستی باخچەی ساوایاندا لە جیاتی سروودی نیشتمانی، پشیلە سووره بە منداڵان لەبەردەکات. ژنەڕاڵێکی خەمبار لەسەر کورسی «خانەنشین»ی دانیشتووە و تف لە دەست و پلی خوێناوی خۆی دەکات... پەیکەری یەکێکت دەدی گوێ لە یەکێکی تر دەگرێ... یەکێکیش دەمانچەکەی دەستی دووکەرت کردووە.

ئەوا ئیتر ئێستا ئەم شارە پڕ بووە لە پەیکەر... «بۆ هەچ لا دەکەی نەزەر» تەنانەت لادێ و شارەکانی تریش بیستبوویان... دەگێڕنەوە و دەڵێن کە زۆر کەس لە شوێنی ترەوە هاتووە و پەیکەری خۆی هێناوە، ئیتر بە سواری پاسکیل بێ یان بە کەر... بە ماشێن یان تراکتۆر و عەنتەرناش... بە عەرەبانە

یان بە کۆڵ. کە شوێنیان نەبووە بێنە ناو شارەوە و هەر لە قەراخی شاردا دایاننناوە و گەڕاونەتەوە. دەڵێن زۆرکەس کە ڕێیان لێ تێک چووە هەر لە بەینی پەیکەرەکاندا ماونەتەوە تا هەناسەیان لێ بڕاوە... هەندێکیان وەک پەری باڵیان لێ ڕواوە و فڕیون بۆ ئاسمان.

ئەو کەسانەش کە پەیکەریان بۆ خۆیان نەکردبوو، ئەوانە بوون کە تاکو ئەم کاتەش هەر لەو باوەڕەدابوون کە ئەوە تەنها درۆی نیسان بوو... درۆیەک و هیچی تر.

ئەوا ئیتر ئێستا پەیکەرەکان لەجیاتی مرۆڤەکان لەسەر شەقامەکان پیاسە دەکەن... لە باخچەکان دڵداری و لە بازاڕیش شت و مەک دەکڕن و دەفرۆشن، بەم ڕۆژگارەش زاوزێ دەکەن... ئیدی ئێستا خەڵکەکە لە ماڵەکانی خۆیاندا بەند بوونە و ڕێگەی دەرەوەیان نەماوە. هەریەکە ماندوو برسی... سۆز وەک بەفراو... پەشیمان... گیرخواردوو بەدەست پەیکەری خۆیەوە... بەدەست سیمای قوڕاوی خۆیەوە... بەدەست دەستی لە گەچ گیراوی خۆیەوە. تەنانەت دەرگای دەرەوەشیان بۆ ناکرێتەوە، چونکە لەبەردەم هەموو دەرگای ماڵێکدا پەیکەرێک ڕوواوە، کەسیش نە بیر لەوە دەکاتەوە و نە بۆشی هەیە پەیکەرێک برووشێنێ و تێک بداتەوە.

نیسان ١٩٩٧

* لە گۆڤاری «ڕەهەند»دا بڵاوکراوەتەوە... ژمارە «٣ ـ ٤»ی ساڵی «١٩٩٧»... لاپەڕە «٩٩ ـ ١٠٤».

# بەیازی گوڵفرۆشێک

هاوین بێت یان زستان... گەرما بێ یان سەرما... هەتاو بێ، پادشای زەوی و ئاسمان... یان بەفر بێت دیاری خواکان، بۆ من هیچ ناگۆڕێت. من هەر منم... لەسەر کورسییەکی بێ ڕەنگ دامدەنیشێن... لە بەیانی زووەوە تاکو ئێوارەی درەنگ... ڕۆژێ... دوان... دە، مانگێک... دوان... دە. ڕۆژگار باڵ دەگرێ و منیش بێ باڵ لەسەر کورسییە ڕەنگ پەڕیووەکەم دانیشتووم... دانیشتووم و هیچیش ناکەم... نە بەختیارم و نە بێزار... پیر و پەککەوتە... لەڕ و لاواز و خرف و بێ ئاگا... حەپۆل حەپۆل مێشی گەورە و بچووک لە خۆم دەردەکەم و دەرناکەم. ئەوانە مێشن یان مێشوولە... زەردەواڵەن یان کوکوختی و حەمامە، نازانم. نە چاوم باش دەبینێ و نە گوێچکەم باش دەبیستێ... نە توانای ناسینەوەی تارماییەکانم هەیە و نە تاقەتی ئەوەم ماوە دەنگەکان لە یەکتری جیابکەمەوە. جار بەجارێک گوێم لە ژاوەژاوێکە تێناگەم. شیوەن و گریان و ناڵینە، یان شادی و پێکەنین... هاروهاجی منداڵانی کۆڵانە یان تەپڵ و زوڕنای شەڕوشۆڕ... یەکێکە و بەڕێکەوت پێدەکەنێت یان بووک و زاوایەکە و شەوی یەکەم پرخەیان دێت... تارمایی دەبینم لەبەرچاومدا وەک برووسکە نامێنێت. یەکێکە و ڕادەکا و هەواڵێکی خۆشی پێیە و دەیگەیێنێ، یان تۆڵەی سەندۆتەوە و خەنجەری خۆی وەشاندووە و هەڵدێت. باوکێکی دانسقەیە و یاری خۆشاردنەوە لەگەڵ کچە چکۆلانەکەیدا دەکات یان زەلامێکە فەقیرە لەخۆی دەترسێت. ئافرەتێکە و لە زوڵم و دڕندەیی مێردەکەی باڵی گرتووە و ماڵ جێ دێڵێت، یاخود عاشقێکی قژ بژە و لە ژووان دواکەوتووە و وەک تیر دەردەچێت. جار بەجارێک تەقە

دەبیستم، تێناگەم. ئەمە تەقەی ڕاستییە یان تەرەقە... شار چۆڵ کردنە یان گرتنەوە... هاوارە یاخود گۆرانی... نازانم، ئەمە شارەکەی منە ورووژاوە... یان شارە زەردەواڵە. کەسێک نابینم لە دەوروپشتم پرسیارێکی لێ بکەم... لە سپیدەوە تاکو خۆرنشین پرسیاری سەیر سەیر لەلام دروست دەبن، کە ئێوارە یەکێ دێت و دەمباتەوە ژوورەکەی خۆم هیچم بیرنامێنێت. خەو دەمباتەوە... سەرما بێت، یان گەرما... لە ژوورەکەی خۆم بم یان لە دەرەوە، لەبەردەمی پەنجەرەکە یان لە هەیوان بۆ من هیچ ناگۆڕێت.

هیچ بۆنێک ناکەم... دەڵێ ی لووتم بۆ هەمیشە گیراوە... بە قووڕەسوورە سواخ دراوە. تەنها بۆنێک کە لووتی من پێ ی ئاشنایە، بۆنی خوێنە. من وابزانم ئەمە هەر زۆر لەمێژە ڕووی داوە... لەدوای شەڕێک لە شەڕەکان... کام شەڕ؟ نازانم. بەڵام سەیرە، ئەوەم هەرگیز لەیادناچێت کە لۆکەیەکی گەورەیان هانی و لە خوێنی هەموو کوژراوەکانیان وەردا، بە کەیف و پێکەنین و گۆرانی و سەماوە، لۆکەی خوێناوییان دا بە لووتماندا. ئێمەی منداڵ ئەوسا لەو خوێنە... لەو تۆپەڵە هەورە سوورە سڵمان کردەوە. من بیرمە بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا گریام. هەر منداڵێک ئەو لۆکە ڕەقەی بۆ چەند چرکەیەک بە لووتەوە نرا تا وەک توتکەسەگ بۆنی بکات. بەڵام من دوا منداڵ بووم، ماوەیەکی زۆری خایاند و منیان بیرچووەوە، چونکە هەموو سەرقاڵ بوون... سەرقاڵی تەقەی خۆشی و هەڵپەڕکێ ی سەرکەوتن و سروودی بردنەوە. منیش تەنیا، خۆم و لۆکەیەکی سوورهەڵگەڕاوی تووڕە، بۆنێکی ئەرژەنگ و چەند دڵۆپێک فرمێسکی خوێنین لەو دیمەنە شێتەم دەڕوانی کە ڕۆحی سپیمی دزی بوو.

ئیدی لەو ڕۆژەوە هەموو بۆنێک لەلام بۆتە بۆنی خوێن. هەموو دیمەنی سروشت و جوانییەک خوێنی لێ دەتکێ... بۆنە خۆشەکان مردن... ڕەنگەکان مەرگێکی کت و پڕ یەخەی گرتن. تەنانەت گوڵەکانیش، ئەو گوڵانەی بە منداڵی

عـاشـقـیـان بووم و لە هەمـوو شـتێکی ئەم گەردوونـەم زیاتر خـۆش دەویسـتن، ئەوانیش بۆنی خـوێن گـرتنی... ئەوانیش وەک شـەڕکـەرێکی مـەست دڕکـیـان دەگـرتە یەکتـری، پژوپۆ و گـەڵا و خـونچـە و کـڵاوی یەکتـریان بریندارەکـرد. لەدوای شـەڕ، ئای لەو گـوڵە شـەڕانگێـزانەی من بینیـمن، وای لەو سـاردۆنیـا تووڕانە... تۆ سـەیری ئەو گوڵەباخـە کە هەر لە مین دەچێت، پەپوولەیەک قـاچی پیـانێت دەتەقێـتـەوە. ئەو گوڵە قـەیفـەیە هەر دەڵێ ی سێ گۆشـەی بەرمـۆدایە... هەچ لووتێک بەنیـازی بۆنکردن لێ ی نزیک بێتەوە هەڵیـدەلووشێت. ئەوە گولی خـەشـخـاشـە گـرمـۆڵەبووە یان ژیشک؟ ئەی ئەوەیان گـوڵەمـێـشـە یـان تەونی جاڵجاڵۆکە؟ ئەی ئەو گوڵە چاوپشیلەیە بۆ مۆڕبووەتەوە؟ ئـەو ڕەشەرێحانەیە بۆ سـوور بووە؟ ئەو شـەست پـەڕە چۆنە وا باڵی کـراوە؟ ئەی ئـەو لالۆعـەباسـە بۆ تەنگی بە شـوکـری خـان هـەڵچنیـووە؟ هەمـیـشـەبەهـار بۆ لچی کـردووە؟ گوڵەبەڕۆژەکانیش تەپ و تۆزی شەڕ کوێری کردن، دەڵێ ی گورگن، هەر مانگ دەربکەوێت دەلوورێنن. گـوڵەهێـرۆ و حـوسنی خـان کـردوویانـە بە سـەرتەنووری باخـچەی خـۆیان، خـونچەی یەکتریان لە بن دەرهـانی. ئەی ئەو لاولاوە مـەچەک ئەسـتوورە بۆ چنگی دڕکاوی لەو گوڵە نیلۆفەرەی دراوسێ ی گیرکـردووە؟ ئەم دڕکـەکولەی لەکوێ وە هێناوە؟ چ بـاخـەوانـێکی دڵ ڕەق پـێ ی بەخـشـیـووە؟ من بڕوا ناکـەم پیـرەی باخەوان ئەم شـتـەی کـردبێت. ئەو گـوڵەکانی خـۆشـدەویسـتن وەک جـەرگی خـۆی... پارێزگـاری دەکـردن و لەگەڵیا بوون وەک سـێبـەری. پەڕی وشـکی هەڵوەریووی یەکێکیـانی ببـینیـایە دەگریا... وەک بنێشت دەیجـوو... وەک مـوفـەرک دەیدا لە سنگی خـۆی... بە دەیەهـا دەرمـانـی لێ دروست دەکـردن... ئەمەیان بۆ سک هێشـە... ئەوەیان بۆ هەڵامەت و کۆکـە... ئا ئەوەیان چاوی کوێر چاک دەکاتەوە و ئەو دانەیەش جێگای گولله.

من یەک سـاڵ زیاتـر هـەوڵم دا تا ڕازیم کـرد گـوڵەکـانی بۆ بـفـرۆشـم، ئەویش

هەر لەبەر هەژاری... لەبەر نەداری زۆر گریا و ڕازی بوو، ئیدی من بووم بە گوڵ فرۆش، گوڵفرۆشێکی دۆڕاو... بێ قازانج و بێ دەستمایە. گوڵە بۆنخۆشەکانم بە شەقام و بازاڕ و کۆڵانەکاندا دەگێڕا. کەس نەبوو گوڵێک بکڕێت... کوڕێک نەبوو گوڵەباخێک بکڕێت بۆ دەزگیرانەکەی... پیاوێک بۆ ژنەکەی. مێخەکێک، کچێک بیکڕێت بۆ کوڕێکی چاوشین... بێوەژنێک، بۆ سەرگۆڕی مێردە زاڵمەکەی. بە ناچاری هەندێ جار، بەخۆڕایی و بێ حەق دەست گوڵەکانم دەبەخشییەوە. یەخەم دەگرتن و هاوارم دەکرد، ئێوارەیە و چەپکەگوڵێک بەرنەوە بۆ ماڵەوە، لەجیاتی شەڕوشۆڕ و هەرای ڕۆژانەتان لەسەر سفرەکە داینێن... بە گەورە و بچووکەوە بۆنی بکەن... ناسک و پاک دەبنەوە. هەندێکیان جڕتیان بۆ لێ دەدام. کەس بیری لە گوڵ نەدەکردەوە... بەلامدا تێدەپەڕین و مەست نەدەبوون... کە دووردەکەوتنەوە، لە دڕکێکی هەڵکشاو دەچوون... لووتیشیان وەک باگردێن. منیش لەژێر ئەو هەموو گوڵە جۆربەجۆرانەدا بێ باک بووم... لە باخچە دەچووم، هەنگ و پەپوولە و باڵندەی دونیا بەدوامەوە بوون. من بووم فێری گوڵی ڕەنگاوڕەنگم کردن... ڕەنگی جۆراوجۆر... فێری بۆن کردنی گوڵە دەگمەنەکان. ئەمێستا خۆم... وەی لە لووتی خۆم... لووت بەخەساریێ... هیچ بۆنێک ناکەم... بۆنی خوێن نەبێ.

که سمێڵیشم گووگرە بوو... شەڕێکی خوێناوی تر دەستی پێ کرد و قاچی چەپم تیاچوو... خۆم و گۆچانێک بووین و هیچی تر.

له هەڕەتی لاویشدا، چاوەکانم دووکەڵی شەڕێکی تر کزی کردن، لە کارکەوتن و چاویلکەی دونیاش دیمەنی بەر دیدەمی ڕوون نەدەکردەوە. ئیدی بەو شێوەیە... ڕۆژ لەدوای ڕۆژ... ساڵ لەدوای ساڵ... شەڕ لەدوای شەڕ تاکو ئێستا ڕامکێشا... دەستخەرۆ و ماندوو... مێشکم کول. نازانم من کێم؟ من چی بووم؟ جار بە جارێک لە کون و کەلەبەر و لۆچی خەونەکانمدا بۆ وەڵامێک

دەگەڕێم، بەڵام ئەفسووس، تەنانەت خەونەکانیشم گاڵتەم پێ دەکەن... جارێک دەمکەنە سەربازێکی ون... جارێکی تر مامۆستا... شەوێکیان دەمکەنە شاعیر... لە خەونی شەوێکی تردا دەبمە ژەنەڕاڵ و فەرمانی شەڕێکی خوێناوی دەردەکەم... گاهێک دەبمە ئەندامێکی گەورەی سیاسی و گاهێکی تر خاوەن گۆڤار. بەڵام من هەچ کەسێک بووبم، کەسێکی شەڕکەر بووم... شەڕکەرێکی گرنگ، بۆیە بەو شێوەیە خزمەتم دەکەن... دەمهێنن و دەمبەن... خواردنم دەکەن بەدەمەوە... ژوورم بۆ پاک دەکەنەوە و جلەکانم بۆ دەشۆن. بە زستانان لەبەردەمی پەنجەرەیەکدا دامدەنێن. کە بەفر دەبارێ وا هەست دەکەم ڕۆحی من کلوو فریشتەیەکی سپی پۆشە و دەبارێ. کە بارانیش دادەکات، هەست دەکەم گیانم دەبێتە چەترێکی سپی... پەپوولە و هەنگ و باڵندەکان لەژێریدا کۆدەبنەوە. ئەوانەی کە هەمیشە بەدوامەوە بوون. ئیدی بۆ خۆیان ژێر چەترەکە دەکەنە کەژاوەی پەلکەزێڕینە.

بە هاوینان دەمهێننە دەرەوە، بەرهەتاوی سووتێنەر... لە بەیانی زووەوە تاکو ئێوارەی درەنگ... چەقۆیەکم پێیە تا پارێزگاری خۆمی پێ بکەم... چەقۆیەکە هەمیشە بەدەستمەوەیە، هەچ تارماییەک ببینم... هەچ سێبەرێک لێم نزیک بێتەوە چەقۆکەی خۆم دەوەشێنم. ئەوە منم بەم ڕۆژگارە سێبەرەکان لەت و پەت دەکەم و تارماییەکانیش قاش قاش. لە بەیانی زووەوە تاکو ئێوارەی درەنگ... زستان بێ یان بەهار... هاوین بێ یان پایز بۆ من هیچ ناگۆڕێت.

تەمووزی ١٩٩٧

دەمامک

ـ من ئەوەتا گەڕامەوە.

هاوڕێکانم، لە ترس و خۆشی و دوودڵیدا نوقم بوون، لێوەکانیان وشک و سیمایان زەرد، بەشێوەیەک زمانیان تەتەڵەی دەکرد دەتوت تازەبەتازە زمانیان پژاوە، هیچ یەکێکیان بە ڕێک و پێکی ڕستەیەکی سادەی پێ تەواو نەدەکرا. هەر وشەیەک کە لەناکاو دەردەپەڕی، کۆکەیەکی پێش خۆی دەخست. قوڕگیان بووبووە گۆڕستانی وشە و ڕستەکان، کۆڵەمستەیەکی سووکیان دەکێشا بە پشتی یەکتردا و زەردەخەنەیەکی تاڵیان دەپڕژانە ناو چاومەوە. جا بە دەست و سەروچاو و برۆ و لەش دەدوان. بە سەرسامییەوە لێم ورددەبوونەوە، وەک مەستێک باوەشیان پێدادەکردم و ماچیان دەکردم، لووتیان لەپێش دەمیاندا دەگەیشتە ڕوومەتم. هەر پاش ساتێکی کەم، وەک ئەوەی من دارێک بم لە دڕک، خۆیان دەکێشایەوە دواوە و لێم دەتەکینەوە. بەئاشکرا دەسڵەمینەوە و دەترسان. هەستم بە ئازاریان دەکرد. وەک ئەوەی من لە گۆڕ هاتبمەدەرەوە، وەک ئەوەی جارێکی تر زیندوو بووبێتمەوە، بە حەسرەت و شڵەژاندنێکی زۆرەوە دەستیان لێ دەدام... لە لووت و دەست و گوێچکە و سەر و قژم.

ـ ئا... ئەمە... تۆی؟

ـ بەڵێ منم هاوڕێکانم... منم، نامناسنەوە؟

ـ ئاخر تۆ... شەهید...

ـ نەخێر، من زیندووم... من تەنها بریندار کرام و هیچی تر.

نەخێر، ئەم ڕستە شێواوانەی من هیچی بە هیچ نەکرد، ئەوانی زیاتر

مـاندو و بـێ ئارام کـرد. چاو ئەبڵــەق و بێ قــەرار... داچڵـەکـیـو، لەناو دەریای سـەرسـامـیـدا لەخـەو هەسـتـاو... هەنـاسـەسـوار... گلێنە ترسـاو... ڕاکردو بەناو هەرێمـی ترسـدا ڕۆح تاسـاو. ئەڵقـاوئەڵق دەوریـان دام، بەشـێـوەیەک دەوریان گـرتم دەتـووت دەیانەوێ بمشـارنەوە. پێنج، شـەش هـاوڕێی ئازیـزی جـاران، ئەوانەی لەنێوان ژیـان و مەرگدا... لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشـاندا هەناسە و نانەڕەقە و مـەتارەی ئاومان دەبەخشـییە یەکتری، ئەمێستا لە شـتێک دەترسن تێیناگەم. دەسـتـیان گرتم، بردمـیانە ژوورێکەوە، لەسـەر کورسـییـەک دایاننام، ئەوانیـش دەتووت نەمـامی بەردەمی ڕەشـەبـان هەمـوو لەشـیـان دەلەرزی، جـا بەناچاری بە چیچکانـەوە لەبەردەممدا هەڵتروشکان و مژ لەسـەر مژ جگەرەیان بەبا دەدا. بە دزەنیگا سـەیری یەکتریان دەکرد و جار بـەجارێک چرپە چرپیان بە گـوێچکەی یـەکـتـردا دەدا. تاو نا تاوێک، بە پێـدزکێ، بە لاچاوێ دەچوونە پەنـایەکـەوە، تـەلەفـۆنی لاسلکـیــان دەردەهێنا و چەند وشـە و نیـشــانەی سـەیرسـەیریان دەدرکـاند و وەک ئاوێکی شـلەتێن، خـاو و خلیـچک، سـووک و باریک دەهـاتنەوە بەردەمم.

دەرەوەی ژوور پڕی بوو لە حـەشـامـات، دەیـانوویست بێنـە ژوورەوە و بزانن کێیە ئەمەی کە هاتۆتەوە.

هاوڕێکانم، کـە ئێـستـا هەر هەمـوویان بوونەتـە لێپرسـراوی گـەورە گـەورە دوانـیـــان وەک گـــێـــژەڵووکـــەی شــــێت چوونـە دەرەوە و بە تووڕەیـی و هەڕەشـەکردنەوە بڵاوەیان پێکردن و وەک شـەماڵێکی ناوچەوان تەڕ گەڕانەوە.

من هەڵەم کـرد، دەبوایە هـەر نـەگـەڕێمـەوە، دەبوایە ڕابردووم فـڕێدابـایەتە قـوڕگـی نەهەنگێکەوە... یـان بە بەردێکی چاوچنۆکی ئەو شـاخـانەم بسـپاردبایە بۆ ئـەوەی هەرگـیــزاوهەرگـیــز نەمــداتەوە، تا مـنیش بەو شـێـوەیە، دڵپـاک و ساویلکە نەیەمەوە بەردەمیـان. یان کە هـەر گەڕاشـمەوە، دەمامکێکم بپۆشیبایە

بۆ ئەوەی کەس نەمناسێتەوە. من چوزانم لەدوای من، دونیا بەو شێوەیە دەکەوێتەوە... بەو شێوە کۆمیدییە غەم ئاوێزە.

من وەک ئەوەی مێشێکم مێوان نەبێت، بەو شێوەیە گەڕامەوە، هەر لە دووری دوورەوە هاوڕێکانم ناسییەوە، دەستێکم بۆ هەڵبڕین و باوەشی گەرمی پڕ سۆز و بیرەوەریم بۆ کردنەوە، بەڵام ئەوان حەپەسان. هەر لە دووری فەرسقێکەوە گوێم لە لێدانی تەپڵی دڵیان بوو، لە مارشی سەربازی دەچوو. من پێکەنیم بۆیان، ئەوانیش وڕ و سەرسام... شەکەت و مەنگ. تا بەتەواوی گەیشتمە بەردەمیان، ئەوان چەند پەنجەیەک باڵایان کەمیکرد. ویستم باوەشیان پێدابکەم، سڵەمینەوە، من وام زانی نامناسنەوە، وتم ئەمە منم. ئەڵقاوئەڵق دەوریان دام، دەتووت دەیانەوێ بمشارنەوە، بەدوودڵییەوە باوەشیان پێداکردم و گلێنەشیان چواردەوری دەپشکنی وەک ڕادار.

بردمیانە ژوورێکەوە... تا ئێوارەی درەنگ منیان گلدایەوە، بەبێ ئەوەی وشەیەک لە دەمیان بێتەدەرەوە، کە پرسیاریشم دەکرد، ئەوان بێدەنگ بوون وەک ماسی. لەپڕ گوێمان لە هۆڕنی ئۆتۆمبیلێک بوو، وەک مارێک پێوەی دابن هەستان و ڕاچڵەکین «ئەوە هات... با بڕۆین». وەک نابینابم دەستیان گرتم و چووینە ناو مارسیدسێکی ڕەشی قەشەنگەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە یەک کاتژمێر ڕێگامان بڕی، بۆ کوێ نازانم! بەبێ هیچ وشەیەک... بەبێ هیچ بزە و تەمی ووتە و هەتاوی گەرمی ڕستەیەک. لەپڕ ڕاوەستاین... بە هێمنی دابەزین... دیسانەوە ئەڵقاوئەڵق دەوریاندام، بەشێوەیەک وەک بیانەوێت لە شتێک، لە کەسێک بمشارنەوە. چووینە خانوویەکەوە... کۆشکێکی زەبەلاحەوە، لای لێپرسراوێکی زۆر گەورەوە، من هەر بەودا زانیم کە زۆر گەورەیە، چونکە هاوڕێکانم کە لەگەڵما بوون هەموو سڵاویان کرد و لەبەردەمیدا دەست لەسەر سنگ نووشتانەوە، من خۆم بۆنەگیرا و پێکەنیم، بەوە پێکەنیم چونکە ئەم

لێپرسراوەم ناسییەوە. کە جاران هەر بەدواماندا ڕایدەکرد و تکای دەکرد و تکای دەکرد بۆئەوەی بیبەین لەگەڵ خۆماندا کاتێک کارێکی گەورەمان ئەنجامدەدا. بەپیرمەوە هات و باوەشێکی گەرمی پیاکردم و چووینە ژوورەوە.

لەسەر کورسییەکی ئەنتیک داینشاندم و هەموویان لەبەردەممدا لەسەر زەوییەکە بە چوارمشقی دانیشتن، دەتووت من مامۆستام و ئەوانیش قوتابی پۆلێک کورسییەکانی دزرابێت، جار بە جارێک بەگوێی یەکتردا دەیانچرپاند، من نەمدەزانی باسی چی دەکەن! لەپڕ یەکێکیان هەڵدەستا و دەچووە پەنایەکەوە، بە تەلەفۆنی لاسلکی چەند وشەیەکی نهێنی دەدرکاند و دەست بەتاڵ وەک ماسیگرێک بۆ ڕاوەماسی چووبێت و نەهەنگی تووش بووبێت، بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە دەهاتەوە بەردەمم. ماوەیەکی پێچوو، سێ لێپرسراوی گەورەتر هاتن، من دەمناسین، تا دوایی هی گەورەتر و گەورەتر خۆیان کرد بەژووردا، تا ژمارەیان بوو بە دوو دەرزەن. ئینجا دوو دوو، سێ سێ بەیەکەوە کەوتنە قسەکردن. باسی ئەوەیان بۆ کردم، کە باشتر وایە خۆم پێشانی کەس نەدەم و هەر بە شەهیدی بمێنمەوە.

ـ ئاخر من هەر برینداركرام و وەک دەبینن شەهید نەکراوم.

وتیان، کە شەهیدبوون، بەرزترین پایە و بەنرخترین و بەبەهاترین دیارییە کە من وەرمگرتووە و پیرۆزترین ئاستی ژیانە کە من پێی گەیشتووم. ئێستا ئیتر تۆ سومبولی گەورەی حیزب و نیشتمانی ئێمەیت... مێژوویەکی درەوشاوەی چەسپاویت... مۆمێکی هەمیشە داگیرساو و ئەستێرەیەکی بێ باکیت و شەوی ئەنگوستەچاوی ئەم گەلەمان بۆ ڕوناکدەکەیتەوە. ئەو کتێبانەیان بۆ هێنام کە لەسەر ئازایەتی و مەزنی و جوامێری من نووسراون... ئەو نامیلکە شیعرییانەیان بۆ خوێندمەوە کە بۆ من و بەسەر مندا هەڵدراون کە پڕی بوون لە وێنەی شیعری جوان جوان.

ـ ئاخر من شـەهید نەکراوم کوڕینە! من هـەر بریندارکرام و بە سـەد مەتری چەند کیلۆمـەترێک ڕامکرد بۆ ئەوەی نەکوژرێم. خـۆ من دوایی دوو سـێ نامـەم بۆ ناردن، ڕەنگە پێتان نەگەیشتبێت.

چەند سـێـتێک پولیـان بۆ هێنام کـە وێنەی منـی تیـا چاپکراوە و وتیـان کـە ئیتر ئەمە تۆیت و بە هیچ شتێک ناسڕدرێیتەوە، ئەوەشیان بیرنەچوو وتیان کە لە داهاتوویەکی نزیکدا وێنەی تۆ لەسـەر دراو و پارەی کـاغـەزیش بـەڕێوەیە. ئیتر کار لە کار ترازاوە و هیچ گەڕانەوەیەک بۆ دواوە نییە.

ـ باشـە من، خـۆم ئاشکرا ناکـەم، تەنهـا دەمـەوێت بگەڕێمـەوە لای دایک و خـوشکەکـەم... بۆ مـاڵە یەک ژوورییـە، سـەربـان داتەپیـوەکەی خـۆمـان. باسی ئەوەیان کـرد کـە ئـەو ئاواتەم بێ سـەروشـوێنـە، چونکە دایک و خـوشکـەکـەم ئێستا، لە کۆشکێکی پان و بەریندا دەژین و بە دەیەها بەردەست و بە سەدەها پاسەوان لەبەر دەرگای کۆشکدا ئێشکچی شەو و ڕۆژن.

ـ باشە خوشکەکەم تا ئێستا شـووی نەکردووە؟ خۆ ئێستا پرچی بەتەواوی سپی بووە.

باسـی ئـەوەیان کـرد کـە هیـچ کـەسـێک ناوێرێت تووخنـی دەرگـای کـۆشک بکەوێت. بەداخـەوە تا ئێسـتـا شـووی نـەکردووە. چەند کـەسێک ویسـتـبوویان داوای دەسـتی بکەن، بەڵام ئێمـە هـەر بە ماڵ و خێزانەوە شـاربەدەرمان کـردن. پاسـەوانە دڵسـۆزەکان نایەڵن کـەس تووخنـی ئەو ناوە بکەوێت. جـا لەو بارەوە دڵ لەدڵ مەدە.

ـ مـەبەسـتـتـان چییـە دڵ لـە دڵ مـەدە! من دەمـەوێت خـوشکەکـەم بۆ خـۆی شـووبکـات مـردووتان نەمـرێ. نەک ئەو، بەڵکو لە دڵەوە ئاواتەخـوازم دایکیـشم شووبکاتەوە، ئاخر ئەوە دە سـاڵ زیاترە باوکم مردووە. باشـە بۆ دایکانـی ئێمە دوای مردنی مێردەکانیان، ئەوانیش خۆیان دەنێژن و شووناکەنەوە.

وتیان کە ئیتر ئەوە چارەنووسە و شوونەکردن باشترە لەوەی خوشکی تۆ... خوشکی ڕەمزی نیشتمان و تاجی سەر هەڕەشە لە ژیانی بکرێت.

ـ باشە کێ هەڕەشە دەکات؟

کەس نایکات... بەڵام هەڕەشە هەمیشە هەیە. خۆ هەر دەبێت مرۆڤێکی وا پارێزگاری بکرێت. ئێمە وامانزانی تۆ سوپاسمان دەکەیت.

ـ سوپاسی چی؟ من دەمەوێت ژیانی خۆم بکڕمەوە و بە ئاسوودەیی سەرێکی شار بدەمەوە.

باسی مەیدانی گەورەی شاریان بۆ کردم کە بەناوی منەوەیە و هەر لەوێدا هەر ڕۆژە و بە دەیەها گەنج و منداڵ ناوی خۆیان تۆماردەکەن و دەبنە شێری مەیدان و پارێزگاری لە حیزب و نیشتمان دەکەن و بەسەری من سوێند دەخۆن و چاوی من تیشکە و ڕێگەی خۆبەختکردنیان پێ نیشاندەدات. وتیان کە بەتەواوی پەشیمان دەبمەوە لەوەی کە شەهید نەکراوم. دە تۆ سەیربکە! جا ئەو کاسێتی ڤیدیۆیانەیان پیشاندام کە باسی ئازایەتی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و شەهیدبوونی منی تیابوو. باسی ئەوەی کە چۆن من هەر بە تەنیا بەرەنگاری دوو سەد کەس بوومەتەوە و هەموویانم وەک عەلەشیش پەڕوباڵ کردوون و وەک قەلەموون سەربڕیوون. باسی ئەوەی کە تانکم خواردووە و بە دەیەها هەلیکۆپتەرم خستۆتە خوارەوە.

ـ ئاخر من شتی وام نەکردووە.

تازە کراوە و کردووتە... شیاوە و بووەتە مێژوویەک کە لە مێشک و دەروونی بریندراری کەسدا ناسڕدرێتەوە، بەسە ئیتر گاڵتەمان لەگەڵ مەکە!

ـ ئاخر من تانکم هەر نەبینیووە تا بیخۆم.

ـ چۆن؟

وەک پێم ووتن، هەلیکۆپتەرێک هەر بەدوامانەوە بوو، تا هەموو هاوڕێکانمی

شەهیدکرد... تەنها هەر من مامەوە... شەکەت و ماندوو، تەقەم کرد تا فیشەکم پێ نەما، ئەو پیس بریندارى کردم. هیچم بۆ نەکرا... ئەو هەر زۆر نزیک بوو، وەک داڵێک دەخولایەوە بەسەر سەرمدا... منیش چەکەکەم تێگرت و شووشەی پەنجەرەکەی هاڕڕەی کرد، کەچی ئەو زمانی لێ دەردەهێنام و بڕۆی لێ هەڵدەتەکاندم. دەستڕێژێکی بەسەر سەرمدا کرد... ئیتر منیش تێمقوچاند... «فۆرست گامپ»ێک بووم بۆ خۆم هێندە خێرا بووم زەوییەکەی ژێر پێم دادەچەڵەکی. بە بریندارى ڕامکردە دێیەک لە دێیەکانی ئەودیو... لە شوێنێک کەوتم و ئاگام لە خۆم نەما. دەڵێن کە چەند مانگێک هەر بێهۆش بووم. ئەوا شەش حەوت ساڵە تازە برینەکانم وا خەریکن سارێژ بن.

هەموو چەپڵەیان بۆ لێدام و باوەشیان پیاکردم و وتیان کە بە خێرایی ئەو شتەی کە من گێڕامەوە دەبێت بکرێت بە دەیەها فیلم و بە سەدەها پۆرترێت. ئیدی دەبێ وابێت... هەلیکۆپتەریشت نەخستبێتە خوارەوە، تانکیشت قووت نەدابێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە گەل وات لێ دەڕوانێت. وەک ڕەمزێکی گرنگ... ئەفسانەیەک کە کەس پرسیاری لێ ناکات. پەشیمان مەبەرەوە لە شەهیدبوون... تازە ڕێگەت پێ نادرێت... کار لە کار ترازاوە. تۆ ئێستا مەزنترین و قارەمانترین کەسی ئەفسانەیی ئێمەیت و بە خۆت نازانیت... باسی ئەو هەموو پەیکەرەیان بۆ کردم کە لە هەموو شوێنێکی ئەم شارەدا بۆ من کراون و هەموو ڕێبوارانی بەیانیانی سەر شەقامەکان لە من زیاتر سڵاو لە کەسی تر ناکەن. ئەوانەشی کە نایەنە سەر شەقامەکان... هەر لە کونی ماڵەکانیاندا لە تەلەفزیۆنەوە فیلمەکان دەبینن و لە ڕادیۆوە باس و خواسەکان دەبیستن. تازە پەشیمان بوونەوە شتێکی زۆر ترسناکە و هەڕەشە لە بوونی ئێمە و حیزب و نیشتمان دەکات. ئێمە تازە ناتوانین ئەم هەموو پەیکەرانە تێکبشکێنین... ئەم مێژووە بسڕینەوە و بڵێین کە سومبولی پیرۆزی نیشتمان

درۆیە. با هیچ کاتێک بیر لە شتی وا نەکەمەوە و خۆم ئاشکرا نەکەم. شەهید نەبوونی منیش هەڕەشەیەکی گەورەیە لە بەردی بناغەی وڵاتی ئازیز و دڕکێکە دەچێت بە چاوی حیزبدا و یەکێکیان کە تا ئەو کاتە قسەی نەکردبوو وتی:

ـئاوێکی ساردە و لە حەمامدا دەکرێت بەسەر شاعیرێکی خەیاڵاویدا.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و منیش هەر بە پێکەنینەوە پرسیم:

ـ باشە ئەی ئێستا چی بکەین؟ چی لە من دەکەن؟

خۆشمان نازانین! گیرمان خواردووە بەدەست تۆوە... باشە بۆ تۆ شەهید نەکرایت؟ باسی ئەوەیان کرد کە من ئێستا گرفتێکی گەورەم و شیکارکردنم سەختترین شتە کە تاکو ئێستا هاتۆتە سەر ڕێگەیان... شەرمیشیان نەکرد باسی کوشتنم بکەن، بەڵام قسەکەیان قووتدایەوە و وتیان کە ناکرێ و ناشێ شتی وا ڕووبدات و کەس دەستی تێناچێت، چونکە تۆ تاجی سەر و ئەفسانەی ئێمەیت و کەس ماف بە خۆی نادات بۆ بەجێهێنانی کارێکی ناڕەوای ئاوەها. بەڵام سڵیان لەوە نەکردەوە بڵێن کە بە هیچ شێوەیەک نابێت لەم کۆشکە بچمە دەرەوە، پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە بکەم، هەچ کەسێکیش لەم برادەرانەی ئێرە زاری تەتەڵەبکات و وشەیەک لەبارەی منەوە بە یەکێکی تر بگەیەنێت، دەکوژرێت.

هەر بە بەرچاوی خۆمەوە هەر هەموو ئامادەبووان دەستیان خستە سەر دەستی یەک و پەیمانیان دا و بە مەرگی خۆیان و بەسەری من سوێندیان خوارد کە کەس هیچ وشەیەک لەبارەی منەوە لە هیچ شوێنێک نەدرکێنێت.

مارتی ١٩٩٨

**سەعاتی سفر**

هەردوولا ئامادەی شەڕ بوون... هەموو شتێک لەبەردەستدا بوو، هەر شتێک کە ئەم شەڕەی پێ ببرێتەوە. زەخیرەیەکی زۆر، تۆپەڵ تۆپەڵ لەسەر یەکتری هەڵچنرابوون، لەوەش گرنگتر... پێویستتر، باوەڕێکی پتەو بوو بە خود و هاوڕێیانی ئەم ڕێبازە. هەتا بڵێی ڕۆژێکی لەبار بوو بۆ بردنەوە و دۆڕاندن.

ئەمڕۆ، ئیتر مەسەلەکە دەبێ بەلایەکدا بکەوێتەوە... براوە و دۆڕاو دەستنیشان بکرێت. لەدوای ئەم شەڕەوە، ئیتر پەیوەندییەکان جارێکی تر دەگۆڕدرێن... دەسەڵات بەجۆرێکی تر دابەشدەکرێت.

هەردوولا لەسەر زۆرشت ڕێکەوتن، گرنگترین شت مەسەلەی بریندارەکان بوو، کە وتوێژێکی زۆری لەسەر کرا. لە دواجاردا بڕیاردرا کە بریندارەکان بەبێ سێ و دوو بەرەڵابکرێن... بۆ کوێ دەچن؟ بۆ کوێ سەرهەڵدەگرن؟ خوای دەکرد بۆ دەرەوەی وڵات... کەس هەقی بەسەریانەوە نەبێت. ئەمە یەکەمجار بوو کە بڕیاری وا گرنگ بدرێت، کە بریندارەکان خۆیان، مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لە شەڕەکانی ساڵانی پێشوودا، لە هەموو کەسێک بێ مافتر ئەوان بوون، دەبوایە هیچ نەکەن، یەکسەر وازبهێنن و دانیشن. بەڵام ئەمساڵ وەک ساڵەکانی تر نییە، ئەمجارەیان گەر بریندارەکان دەیانەوێت بچنە بەرەکەی تر، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێت برینەکانیان زۆر دڵسۆزانە سارێژبکرێن و ڕێزێکی زۆریان لێ بگیرێت. گەر دەشیانەوێت بچنەوە بۆ ماڵەوە و پاڵی لێبدەنەوە، ئەوا بڕیار لەدەست خۆیانە و کەس بۆی نییە بە خراپە باسیان بکات، یان کەسایەتییان لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی داهاتوویاندا

برووشـێنێت. خۆ ئەگەر دەشـیـانەوێت بگەڕێنەوە زۆنی شـەڕ و بێنەوە ڕیزی هاوڕێکانیـان و فـریای ئەوە بکەونـەوە کـە ببنـەوە بە قـارەمـان و تـا دوا دڵۆپ شـەڕبکەنەوە، ئەوا بۆ ئەم مـەبەسـتـە چەند مـەدالیـایەکیـان دروسـتکرد کـە چاوەڕێی یەخـەیان دەکـات. ئەوەشـیـان بیـرنـەچوو کە دیلەکـان بە هیچ جـۆرێک نابێت بـە شـێوەیەکی ناشـرین مـامـەڵەیان لەگـەڵدا بکرێت، بەڵام ئەگـەر هـاتوو دیلێک، زمانی تەتەڵەی کرد و شتێکی کەمیش لەبارەی پلان و تەکتیکی شەڕ و فێڵی هێرشـبـردن و زۆرێتی و چۆنێتی و جێگای زەخیـرەکان بە لایەکەی تر بڵێت، ئەوا لە هیچ شوێن و زەمانێکدا هیچ کەس لێی خۆش نابێت.

هەچ کەسێکیش تا نیوەی بڕی نەکرد و باوەڕی بە ڕێبازەکە نەما و تاقەتی لە شـەڕکردن و بەیەکدادان چوو، کە لەوانەیە ئەم شتـە هەمووان بگرێتـەوە، جا لەبـەر ئەم مـــەبەســتـــە هـەر کـەسـێ دەبێت کـۆترێکی ســپی لـە گـیــرفـانی شـەڕواڵەکەیدا قـایم بکات و هەر کە کۆترەکەی دەرهێنا و بەرەڵای کـرد، ئیـتـر کـەس نابێت دەسـتی بۆ بەرێت. باسێکی گرنگی تریش کە هاتەپێشـەوە ئەوە بوو کـە هـیـچ لایەک نابێت هێـزی تر لـە دەرەوە بهـێنێت، جـا چونکـە هـەردوو لایان، چەند جـارێکی زۆر ئەم کـەتنەیان کـردبوو، جـا یەکسـەر هـەردوو لا ڕازی بوونی خۆی دەربڕی و سەعاتی سفر دەستپێکرد.

بەسـەر سـەری یەکێکدا ڤنگەی کرد، سـەری دانەواند و خـۆی کپ کرد... لە ترسـانـدا مـیـزی کـرد بەخـۆیدا . دانـەیەکی تر سـەری یەکـێکـی تری تیـغ کـرد، کڵاوەکەی چوو بەئـاسماندا، زراوی چوو، یەکسـەر دەسـتی برد بۆ سـەری، بەڵام هیچ خوێنێکی نەدی و دڵنیـا بوو کە بەری نەکەوتووە، جا لە خۆشـیاندا دەستی کرد بە گۆرانی.

دوو تاقـم بوون... ئەمـیـان تاقـمی ئەولایـان پەسـاندبووە پـەناگـەیەکـەوە و ئەولاش ئەملای لە پەناگەی خۆیاندا قانگ دابوو.

شەڕ هەر بەردەوام بوو... چەندەها شووشەی پەنجەرە هاڕڕەیان کرد... دوو سێ ئاریەڵی تەلەفیزیۆن کەوتنە خوارەوە... پیاوێک چەند مانگێکی زۆر منداڵەکانی خۆی برسی کردبوو، هەرچی پارەیەک کە هەیبوو، دابووی بە پارابۆڵێک، بۆ ئەوەی سەیری «مێد تێ ڤێ»ی پێبکات، کەچی لە چەند لایەکەوە بۆیان قووپاندبوو... هێندە تووڕە بووبوو، چەقۆت لێ بدایە خوێنی لێ نەدەهات، هەر بۆ تاقی کردنەوەش چەقۆیەکیان لێدا... حەپەسا و وتی: «ئەگەر خوێنم لێ نەیەت، ئەوا قوتابخانەی جۆدۆ و کاراتی دەکەمەوە، منداڵە ئازیزەکانی وڵات فێری ئەم وەرزشە دەکەم.» قسەکەی تەواو نەکردبوو، خوێن فیچقەی کرد... بە پڕتاو باوەشیان پیاکرد، پیکابێکی خەرەکە شکاویان پەیداکرد و بردیان بۆ خەستەخانە، دەڵێن کە لەڕێگا دووسێ جار وەسیەتی کردبوو کە پارابۆڵەکەی بدەن بە خوشکەزاکەی کە زۆری خۆشدەوێت... بەڵام کە دکتۆرەکان تیماریان کردبوو... دڵنیایان کردبوو کە هیچی لێنایەت، وتبوی: «با بۆ منداڵەکانم بمێنێتەوە.»

کەس نەیزانی کێ بەڕاستی بەرکەوتووە و کێ بەدرۆ بردوویەتەوە و گۆرانی دەچڕێ؟ خەڵکی گەڕەک تا ئێستا بەم شێوەیە، وەک ئەم ئێوارە درەنگە تووڕە و قەڵس نەبوونە. هیچ کەسێک ناوێرێت سەر بهێنێتە دەرەوە، کەس نەیدەزانی کێ دۆستە و کێ دوژمنە؟ سەرمای ئەم ئێوارەیە هەموو ڕیکۆردێکی شکاندبوو... بەفر بەقەد چەند بالایەک باریبوو. شەڕکەرەکان بەتەواوی پەکیان کەوتبوو. کەس ئەندامێکی لە جەستەیدا نەمابوو نەتەزی بێ، شوێنێکی جل نەمابوو تەڕنەبووبێ. هیچ پاڵتۆیەک... هیچ دەستکێش و ملپێچ و کڵاوێک بەرگەی هێرشی تەتەریانەی ئەم ڕەشەبا ساردەی نەدەگرت. بەفرەکە هەمووانی پیرکردبوو... برۆکانیان سپی بووبوون... سیمایان لە دوورەوە زۆر نوورانی بوو. ئەگەر باسی گوێچکە نەکرێت، ئەوا لووت لە هەموو جێگایەکی تر

زیاتر پەکی کەوتبوو، هەر لە چلورەی گوێسەبان دەچوو. یەکێک بە چاویلکەوە شەڕی دەکرد، کە شووشەی پێوە نەمابوو، کە هێرشی دەبرد هەر دەتووت شێرەبەفرینەیە.

نینۆکەکانی قاچ و دەست لە نینۆک کەوتبوون، یەکێک کە فەقیرە سکی دەچوو، لەناو بەفرەکەدا خۆی پیس کردبوو، خەیاڵ بردبوویەوە و دەیویست ناوێکی تر بۆ ئەم جۆرە نینۆکانە بدۆزێتەوە. لە کۆتایی دا ناوی نان نینۆکی سویسری. یەکێکی تر بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگریا، دەستی گۆی نەدەکرد، تا کۆترەکەی گیرفانی دەربهێنێت، هاواری کرد تا یارمەتی بدەن، هیچ نەبێت کۆترەکەی بۆ هەڵفڕێنن، بەڵام کەس گوێی لە هاواری کەس نەدەگرت... کەسیش کۆتری خۆی بەقەرز نەدەدا بەوی تر. ڕەشەباکە زۆر بەهێزبوو، ملپێچی یەکێکی فڕاند، لەو کاتەدا بوو کە خەریک بوو دایگرنەوە، یەکسەر وازیان لێهێنا، کەس نەیزانی ئەوە ملپێچ بوو یان کۆتر! «بەم سەرمایە کەی وەختی شەڕە!»

ئەم ڕستەی دەمی یەکە بەیەکەی پیاوماقووڵانی گەڕەک بوو... نەیاندەزانی چۆن کۆتایی بەم شەڕە نەگریسە بهێنن.

ـ کەس گوێمان لێناگرێت.

ـ خۆیان حەزیان لە شەڕە و چاوەڕێی ڕۆژێکی لەباری وا بوون.

ـ ڕۆژی لەباری چی؟ بەم سەرمایە، هەردوولایان هەر دەیدۆڕێنن.

ـ ئێ خۆ بە هاوینیش ناکرێت!

یەکێکیان خەیاڵ بردبوویەوە و وتی: ـ بۆ ناکرێت؟

ـ هاوینی چی؟ ئەوە ئاوی ئێمەیە و بۆ ئەوان ڕژاوە... ئێمەیش کە خوێن گەرم و گەنج بووین حەزمان لێ بوو.

ـ بەڵام بەم شێوەیە دڕندە نەبووین!

ـ دەڵێی چی! هەر هەمووشیان جگەرگۆشەی خۆمانن.

دوو سێ جار هەوڵێکی زۆر درا بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە، بەڵام بێ سوود بوو. کەرەتێکیش خۆیان کۆکردەوە و وەفدیان نارد... هەر کە دەرکەوتن دایانگرتنەوە... زۆربەیان خەریک بوو بەرکەون، جا بە هەڵەداوان و تێ قووچانەوە دەربازبوون... ناوبژیکردنەکە سەری نەگرت.

خوێنێکی زۆر ڕژابووە سەر بەفرەکە. تا ئێوارەی درەنگ چەند جارێک، ئەمبولانس هات و برینداکانی بەپەلە گەیاندە خەستەخانە... پەنجەرەی ماڵەکان بەپێوە نەمابوون... چەند دەرگایەک لەشوێنی خۆیان هەڵکەندرابوون و گوێزرابوونەوە بۆ پەناگە. سەر بەفرەکە پڕی بوو لە کۆتری مردارەوەبوو، کە لەژێر پێی شەڕکەرەکاندا فلیقابوونەوە، کەس نەیدەزانی ئەم شتە سپییە بەفرە یان کۆتری ئاشتی؟ چەند دیوارێک دارمابوون، کەس نەیدەزانی شەڕکەرەکان بوون یان نەرمە پاڵی داخ لەدڵی ڕەشەبا؟ جا جنێوێکی زۆر ڕەوانەی ئەندازیار و وەستاکان کرا بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە دیوارانە. دارتەلەکان شۆڕبوووبوونەوە، کەس نەیدەزانی جنێو بەکێ بدات؟ بە بەفرەکە، کە قورسی کردووە، یان بە ملپێچ و کڵاوی بە ڕەشەبا هەڵفڕاوی شەڕکەرەکان یان بە شارەوانی؟

ئیدی بوو بە شەو... هەریەکە داخ لەدڵ گلێپی ماڵەکەی خۆی، ئەوەی مابوو ، کوژاندەوە... شەڕکەرەکان لەلای خۆیانەوە بە بزە و پێکەنینەوە کشانەوە... شەڕەکە وەستا... دەرگاکان، ئەوەی مابوون، خڕ داخران... ئارامییەک باڵی بەسەر کۆڵانەکەدا کێشا... ڕەشەباکەش کزبوو، تا هەر نەما. بەڵام کەس نەیزانی کێ بردییەوە و کێ دۆڕاندی؟ چەند کەس بریندار بووە و چەند کەس لەهۆش خۆیان چوون؟ کێ لەناو بەفرەکەدا و لەگەڵ کۆترەکاندا، ئەو شەوە بەجێ مابوو؟ کێ هەڵهات و نەیوێرا بچێتەوە بۆ ماڵەوە؟ چ منداڵێک لای

هاوڕێکەی مایەوە؟ کەس وەڵامی ئەم پرسیارانەی لانەبوو. بەڵام تاقە شتێک کە بۆ هەمووان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەوەبوو: کە ئیتر لەمەولا بە هیچ جۆرێک نابێت لەم کۆڵانەدا شەڕەبەفر بکرێت.

کۆتایی مایسی ١٩٩٨

## پێرست

دیوەخانی ئەستێرەکان ........................................................ ٧
سەمای دارستان ........................................................ ١٧
ئاوێنە دڕندەییەکان ........................................................ ٢٥
پادشا ........................................................ ٣٥
وڵاتی پەیکەرەکان ........................................................ ٤٧
بەیازی گوڵفرۆشێک ........................................................ ٥٩
دەمامک ........................................................ ٦٧
سەعاتی سفر ........................................................ ٧٧

له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:
١ـ زێراب ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩١ .
٢ـ چاوەڕوانی ـ ڕۆمان، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٢ .
٣ـ بەیازی گوڵفرۆشێک، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٨ .

سوپاس و پێزانین:
١ ـ بۆ هاوڕێم کاک عەبدوڵا ڕەحیم، کە تایپ و مۆنتاژی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی گرتە ئەستۆی خۆی و لە من بە پەرۆشتر بوو بۆ چاپکردنی.
٢ ـ بۆ هاوڕێم کاک هیوا قادری شاعیر کە دڵسۆزانە یارمەتی دام لە هەڵسوڕاندنی ئەرکەکانی چاپخانەدا.

**ARAM KAKAYFALLAH**

# Blomförsäljarens utkast

**NOVELLER**

**Stockholm 1998**